هاوکاری

التضامن

زمارە : ١٠ — ساڵی دووەم — نرخی ٢٠ فلس — رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوکردنەوە دەری ئەکات — ٢٠ی مارت ١٩٧١

نەخشەیەکی نوێی کارەبایی لەکوردستان

سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە بەرێوەبەرایەتی پرۆژە گشتیەکان لە وەزارەتی کاروباری شارەوانیو لادێ هەفتەی ڕابوردوو بڵاوی کردەوە کە چەند پرۆژەیەکی گەورەی کارەبای دانراوە بۆگشتی عیراقو بەتایبەتی بۆکوردستان .

ئەم کارەش لە دوای بەیانی ١١ی ئاذاری پیرۆزەوە دەستی پێکردوەو تا ئێستە زۆرگوندی پارێزگەکانی هەولێرو سلیمانی ڕووناك کراوەتەوە ،وەئیشو کار بۆ ئەم مەبەستەلە پارێزگەکانی دهۆك وکەرکوك و نینوی بە ردەوامە .

وە لە دەرچونی بەیانی ١١ی ئاذارەوە ئیستگەیەکی کارەبای لە (کۆیە) دروست کراوە کەتێچوەکەی ١٥٠ هەزار دیناری تێ چوە . هەروەها لە مێرگەسوور) ئیستگەیەکی بەوجۆرە دروست کراوە کەبەرلەوە کارەبای تیا نەبو ، بێجگە لەوەی هەفتەی ڕابوردوو ئیستگەیەکی کارەباله قەزای چۆمان وەرگیرا کەناحیەی گەلالەو رایات ڕووناك ئەکاتەوە .

ئەمەو لە نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوایەتی گشتی سالانی (٧٠-٧٤) سێ ملیونونیو دینار دانراوە بۆ پرۆژەکانی کارەبای ناوچەی کوردستان کە « کرکوك » و « هەولیر » و « سلیمانی » و « دهۆك » ئەگرێتەوە . بێجگە لە ناوچە کوردیەکانی پارێزگەی «نینوی» و «دیالە» .

سەرۆك بەکری تێکۆشەر

سەرلە کارگەی کۆمپانیای گشتی پیشەسازی بە ئامێرەکان ئەدات

سەرۆك کۆمار کاك احمد حسن البکر خۆشحالی خۆی دەربری بەرامبەر پێشکەوتنی ئیشو کار لە کارگەکانی کۆمپانیای گشتی پیشەسازیەکانی ئامێری لە ئەسکندریە .

وە مدحی گورچو گۆلی کرێکارانو ئەندیازارەکانی عیراقی کرد کە لەو کارگانەدا ئیش ئەکات .

وە سەرۆك لەکاتی سەردانەکەیا بۆ کارگەکانی ئەو کۆمپانیایە فەرمانی دا بارەی پیویستی دابرێ بۆ ئیش پێکردنی هەموو کارگەکانی ئەو کۆمپانیایە . وە کاك طە جەزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو وەزیری پیشەسازی لەگەل سەرۆك کۆمار دا بو .

هەروەها سەرۆك کۆمار فەرمانیدا خانو بۆکرێکارەکانی کومپانیەکە بکرێتەوە ، وە داواشی کرد خیرای بکرێ لە دروست کردنی ئامێری کنتوکالدا بۆ پڕ کردنەوەی پیویستیەکانی وولات وە مەشق پێکردنی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانو ئەندازیارانی عیراق بۆ پەیدا کردنی شارەزای زیاتر لەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە بەرهەمەکانی کومپانیاکەوە هەیە .

وە سەرۆك کۆمار لە دوای سەردانەکەیا کە سەعات نیویکی خایان سەری دا لە هەموو بەشەکانی کومپانیاکەو گوی لە ڕوون کردنەوەی بەرهەمەکانی کومپانیا کە گرت .

ئەوەی شایانی باسە کولفەی ئەم کارگانە بەگشتی کە مەزن ترین کومپانیایە لە ناوچەی عەرەبدا (٢٥) ملیون دینارە .

ئا٠د٠ع

سەرۆك بارزانی بۆ ڕۆژنامەیەکی پۆلەندی ئەدوێ

گۆفاری - سەربەخوی -پولندا کە گۆفارێکی هەفتانە یە مدحی هەنگاوەکانی حکومەتی شۆرشی کردوە کە بۆ جێبەجێ کردنی بەیانی ١١ی ئاذاردا نراون‌وە گۆفارەکە ووتویە حکومەتی عیراق بە سەرکردایەتی سەرۆك بەکر کە بەیانی ١١ی ئاذاری ساڵی ١٩٧٠ی دەرکرد دەنگیکی گەورەی سیاسی لە ئاسیادا دایەوە .

وە ئەلی بەیانی ئاذار دانی ناوە بە مافی ئۆتۆنۆمی‌دا بۆ گەلی کوردو دوای هێنانە و شەڕە خوێناویەی دە ساڵ لە عیراقدا بەردەوام بو .

وە نووسەری ووتارەکە کە چاوی کەوتوە بە تێکۆشەر مستەفا بەرزانی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئەلی تێکۆشەر بەرزانی بوی سەلماندوە بەپێی ئەو بەیانە گەلی کورد مافی ئۆتۆنۆمی وەرگرتوە .

دیسان کاك بەرزانی باسی بەندەگرنگەکانی بەیانە مێژویەکەی کردوە کە هەردوو پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستیو پارتی دیموراتی کوردستان لە سەریێ کەوتون .

پەیامی هاوکاری

با هەر بشەکێتەوە ئالای نەورۆز

● نەورۆز ئەفسانەیێ وەیاخود ڕووداوێکی مێژوویی ، نیشانەیێکی زیندوی ئەوخەباتو تێکۆشانە سەختو درێژخایەنەیە کە گەلی کوردی قارەمان بە درێژایی مێژووی بوونی کردویەتی لەپێناوی مافە نەتەوایەتیو مرۆڤایەتی یە ڕەواکانی ، وە بەلگەیەکی برشنگداری کولنەدانو نەبەزینی جەماوەری ڕەنجدەرو کلۆلی کوردستانە کە هەرگیزاو هەرگیز خۆبەدەستەوەدانیان نەزانیوەو سەریان بۆ هیچ زوحاکێك شۆڕنەکردووەو شۆڕناکەن .

● کلپەی بلێسەی نەورۆزهەمیشە ئەو تروسکە پرۆزە بووە کە دەشتەکەی ئەسوتاندو ڕێگەی خەباتی ڕوناك ئەکردەوەو هەزارەها ڕەنجدەروزەحمەتکێشی کورد لەبەر تیشکی ئەو روناکایەدا گیانی پیرۆزیان ئەبەخشی لەپێناوی بچڕاندنی بەندو کوتی دیلێتیوڕامالینی شەوە زەنگی ئازاردانی نەتەوایەتیو چەوساندنەوەی چینایەتی .

● لەکاتێکا گەلی کوردی تێکۆشەرمان لە سەرانسەری کوردستان ئاهەنگ ئەگێڕێویادی جەژنی نەورۆزی پیرۆز ئەکاتەوە ، پەیمان تازە ئەکاتەوە کە ڕێی نەورۆز ، ڕێی خەباتوجەنگینو شورش لەپێناوی ڕزگاریێکی ڕاستەقینەدا ،بەرنەدات ، بەتایبەتی لەم بڕە گرنگەدا ، بلەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی قوناغی رزگاری نیشتمانی لە عیراقدا ،شان بەشانی گەلی عەرەبی براو کەمە نەتەوایەتیەکانا .

● برێتی ئەم قۆناغە گرنگە بە شێوەیێکی سەرکەوتووانە لە توانای هیچ تاقمو دەسەلاتێکدا نیە ، بەلکو برێتی بەندە بە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی میللەتو کۆبونەوەی هێزە نیشتمان پەروەروپێشکەوتووەکانی لەبەرەیێکی نیشتمانی یەکگرتودا وە تەنهاتەم هێزە ، هێزی میللەت. دەستەبەری جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەم قوناغە ئەکات.

● لەمەیانی خەبات بۆوێکهێنانی ئەو بەرە یەکگرتووەدا خەباتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستو پارتی دیموکراتی کوردستانو بانگەوازەکەی جێگری سەرۆك کومار کاك صدام حسین لە کونگرەی قوتابیاندا ، بە هەولێکی دلسوزو سەرکەوتووانەلەقەلەم ئەدرێ ، لەو ڕوومەوە کە ئەبێ هیچ هێزێك مەرجە تایبەتیەکانی خۆی ئەسەپێنێ بەسەر هێزەکانیترو خۆی بەتاکە پێشرەوی گەل دائەنێ وەمافی دەست‌نیشانکردنی ئەوپێشرەوتیە بدرێ بە میللەت، کە بێگومان میللەت هەر بەرەی‌نیشتمانی یەکگرتوو بە پێشرەو ئەزانێ .

● دەبا نەورۆزی ئەمسال هاندەرێکی ئەو خەباتە پرۆزە بێ کە ئەکرێ لەپێناوی بەرەیێکی نیشتمانی یەکگرتوودا تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی میللەتەکەمان بە کوردو عەرەبو کەمە نەتەوایەتیەکانیەوە ، وە سەرکەوتووترین هەولوکۆشش لەپێناوی ئامادەکردنی زەمینەی پێویستو مەرجی مەوزوعی بۆ پێشکەوتنی وولاتەکەمان .

نەورۆزتان پیرۆزبێ

ساڵی بەگژاچوونی جیاوازی ڕەگەزایەتی

حکومەتی شۆڕش بڕیاری‌داوە بەشداری ساڵی بەگژاچونی جیاوازی ڕەگەزایەتی بکات بەپێی بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان کە عیراقو وولاتەعەرەبەکانو وولاتانی ئاسیاو ئەفریقاو سوشیالستی دەورێکی بالایان بینی لە دەرچونی ئەوبڕیارە دا .

وە ڕۆژی ٢١ی ئەم مانگە دانراوە بە سەرەتای دەست پێکردنی ساڵی بەگژا چونی جیاوازی ڕەگەزایەتی کە ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی ئەو خوێن ڕشتنە ئەکات ساڵی ١٩٦٠ هێزەکانی ئیمپریالزمی لە شارپڤیل دەیان لێشتیمان بەرەوەری ئەفریقایان کوشت بو .

بەم جۆرە حکومەتی شۆڕش بەشداری هێزە پێشکەوتن خوازەکانی دژ بەئیمپریالزمو هێزەکانی جیاوازی ڕەگەزایەتی ئەکات بەپێی باوەڕی شۆڕشی ١٧ی تەموز کە جەنگێن دژی ئیمپریالزم مەسەلەیەکە لە جیهاندا جیا نابێتەوە .

هەڤال صدام لە سەردانەکەی بارەگای یەکێتی ئافرەتانی عیراق

پێری ئێوارە هەڤال صدام‌حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش‌وجێگری‌باوەڕ پێکراوی گشتی‌سەرکردایەتی هەرێمایەتی‌پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست سەری داوە لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی‌عیراق وە لەو گفتوگۆیەدا هەڤال‌صدام کردویەتی سەربارەت مافەکانی ئافرەتو یاسانوێکانو هەنگاوەپێشکەوتن‌خوازەکانی شۆڕش بۆ ووریا کردنەوەی گەل٠٠ لەو گفتوگو یانەدا خوشکە نوار حلمي سەرەکی یەکێتی‌ئافرەتانو چەند خوشکێکی تر ئامادە بون .

ئەوەی شایانی باسە خوشکەزکیە اسماعیل حقی سەرەکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشداری ئەو گفتوگویانە بوە .

ئەمریکا داوای بەزیانەکانی ئەخات لە ڤیتنام

سەرچاوەیەکی سەربازی ئەمریکای لە سایگوت دانی بەوە داناوە کە هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتی بەکری گیراوی سایگون لە بنکەی - خێ‌سانە - وە لە ئەنجامی هێرشەکانی شۆڕشگێرەکانا زیانێکی گەورەیان لێ کەوتوە.

وە ووتویە زۆر فروکە هەر لە بنکەکەدا لە ناوبراون ، لە بەهێز ترین هێرشا شورشگێرەکانی لە هەموو لایەکەوە کردویانە تە سەر ئەو بنکەیە .

ئەوەی شایانی باسە بنکەی - خێ‌سانە - مەلبەندی دەست پێکردنی هێرشەکانی ئەمریکاو حکومەتی بەکری گیراوی سایگون بو بۆ سەر لاووس .

ڕویتر ئا٠د٠ع

بزوتنەوەی فیداکارە عەرەبەکان لە «غەزە»

هێزەکانی‌فیداکارە عەرەبەکان‌زیانێکی گەورەیان لە هێزەکانی سەهیونی دوژمن داوە لە هەرێمی غەزەی داگیر کراو . ئەویش لەکاتی هێرشەکانی ئەمدوایەیانا بۆ سەر بنکەکانی سەهیونیەکان لەو ناوچەیە .

وە بەیانەی لەم بارەیەوە بلاوکراوەتەوە ئەلی : ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازی دوژمن تێك شکاوەوهەرچی سەربازی تیا بوە کوژراونو بریندار کراون ، ئەمرووداوەش لە شێوی - حرێتە - لەسەروی غەزە رووی داوە .

ئەمەو لە قدس فیداکارەعەرەبەکان ئاگەیان بەرداوەتە ٣ دامەزراوی دوژمن ، کە یەکێکیان مرکزی پولیسی ئیسرائیل بوە لە شەفامی - بنیهودا - لە ناو جەرگەی شارەکەدا .

قوناغی دووەمی پرۆژەی دەرهێنانی نەوت لە رومێلەی سەروو

لە بارەگای کومپانیای نەوتی‌نیشتمانی عیراق کاروباری پیویستی دەستی پێکراوە بۆئامادە کردنی چونیەتی جێبەجێ کردنی قوناغی دووەمی پرۆژەی‌پەرە پێدانیو بەرهەم هێنان لە کێلگەی رومێلەی سەروو .بە جۆری بەرهەمی ساڵانەی بگاتە هەژدە ملیۆن تەن نەوتی‌خام .

وەشارەزاکان خەریکی ئامادەکردنی کاروباری پیویستن بۆ سۆر کردنی پەیمانێ لەگەل‌دامەزراوی- تکنولەکسپورتی سوڤیەتی، تا شارەزاو کەرەستەبدات بە کومپانیای نەوتی نیشتمانی تا ئیش کردن لەقوناغی دووەم دا سەرەتای سالی داهاتو دەست پێ بکات .

ئەوەی شایانی گیرانەوەیە‌قوناغی دووەم برێتی ئەبێت لە دروست کردنی دوو ئیستگەی‌تری کۆکردنەوەو پاراستنی نەوتو هەلکەندی بیست بیرەنەوتی تر بێجگە لەوانەی لە قوناغی یەکەمدا هەلکەندرا بوون .

ئا٠د٠ع

شەهید بونی دوو هەڤال .

هەفتەی ڕابوردوو هەوالی‌شەهید بونی هەردوو هەڤال ، حبیب جاسم ئەندامی قیادەی‌لقی بەغدا - عامر دجیلی ئەندامی قیادەی لقی فراتی ناوەڕاست - پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست بلاوکرایەوە .

وە تەرمەکانی ئەم دووشەهیدە بەرێزەوە تا جێگای دوایان بەرێ کران .

وە لەجیاتی سەرۆك کۆمار کاك احمد حسن البکر ، کاك نعیم حداد ئەندامی قیادەی‌قوتری پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست بەشداری بەرێ‌کردنی تەرمی شەهیدەکان بو .

پارێزگاری سلێمانی لە بارەی پێشخستنی ناوچەکانی کوردستانەوە ئەدوێ

مامۆستا علی عبدالله پارێزگاری سلیمانیو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ووتارێکیدا لە پێنجوێن باسی سیاسەتی حکومەتی شۆڕشی کردوە لە بارەی گەیاندنی شارەستانیەتیو پێشخستنی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان کەتووشی زیان بوون بە هۆی باری دە ساڵی رابردووەوە وەوتی دووستایەتی نێوان حزبی بەعسو پارتی دیموکراتی کوردستان زامنی چارە سەر کردنی گیروگرفتی هەموو ناوچەکە ئەکات .

ئا٠د٠ع

سەرکەوتنی گەشتی دووەمی مانگی دەسکردی چینی میللی

هەفتەی ڕابوردوو چینی میللی بەرەسمی ئاشکرای کرد کە مانگی دووەمی دەست کردی بەرداوە .

وە ئاژانسی دەنگو باسی‌چینی نوێ ووتویە ئەم مانگە‌دەست کردە قورسایەکەی - ٢٢١ - کیلۆگرامە ، لە ناوەڕاستی هەفتەی رابوردوا بە رەوئاسمانی دەرەوە بەرداوە .

وە لە هەر دەقیقەیەك دا- ١٠٦ - جار بە دەوری‌زەمیندا ئەسورێتەوە لە بەرزای نێوانی ٢٢٦ کیلۆ مەترو ١٨٢٦کیلۆ مەتر .

ڕویتر ئا٠د٠ع

جیهانی ئەمڕۆ

« كۆمۆنەی پاریس »

یكێ • ١٧ی مارس – شێن خوا – بەبۆنەی بیرە وەری سەد ساڵەی دامەزراندنی «كۆمۆنەی پاریسەوە » دەگای نووسینی لە ڕۆژنامەی « گەل » ڕۆژانەو گۆڤاری « ئاڵای سوور » و گۆڤاری « سوپای ڕزگاری » ووتارێكیان بە ناونیشانی «بژی سەركەوتنی دیكتاتۆری پرولیتاریا » نووسیوە كە بەش ئەكرێ بە شەش كەرتەوە:

١ – بیروباوەڕی كۆمۆنەی نەمر •

٢ – گرنگی گەورەی چەكدار بوونی گەلان •

٣ – شۆڕش مەسەلەی ملیونەها جەماوەرە •

٥ – لەرێ لا دەرانی نوێ لەسەر ڕێگای بیروباوەڕی كۆمۆنەی پاریس •

٦ – بە ئارامی لەسەر بەردەوامی شۆڕش لەسایەی سێبەری دیكتاتۆری پرولیتاریا بۆ دەست خستنی سەركەوتنی مەزن تر •

وە « هاوكاری » لەژمارەی داهاتوی‌دا ئەم ووتارە بڵاو ئەكاتەوە •

پەرەسەندنی بزوتنەوەی شۆڕشگێری مەكسیك •

بنوسگەی داواكاری گشتی لە مەكسیكۆ سیتی هەفتەی ڕابوردوو بەیانێكی بڵاو كردۆتەوە تیا ووتویە: دەسەڵات داریەتی مەكسیك زاڵ بوە بەسەر هەولێكدا كە شۆڕشگێرەكان داویانە بۆ ڕوخاندنی حوكمی مەكسیك •

وە بەیانەكە ووتویە ئەم بزوتنەوەیە نیازی وابو شەڕی چەتەگەری لە شاری مەكسیكۆ سیتی‌و شارەكانی تری مەكسیك‌دا دەست پێ بكات •

وە بەیانەكە ئەڵێ ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە لە شارەكانی مەكسیك‌دا مەشقیان پێ كراوە •

ئا•د ئا•د•ع

شەری نیوان پولیس‌و كریكاران لە ئەرجنتین

لاوێكی تەمەن هەژدە ساڵ كوژراوە • وەیەكێكی كەش برنیار بوە • ئەنجامی ئەو شەڕە توندەی لەنیوان دە هەزار كرێكاری مان گرتو وە پولیس‌دا لە ئەرجنتین ڕووی داوە •

وە ئاژانسی رویتر ئەڵێ ئەو كرێكارانەكە قوتابیەكانیش پشت گیریان كردون مانگرتنەكەیان دژی دانانی لێپرساوێكی نوێ بوە لە سەركارو باریان كە كرێكارەكان لێی ڕازی نین •

لە ئەنجامی ئەو بەیەكادانەی لەنێوان پولیس‌و كرێكارەكانا ڕووی داوە ٣٠٠ ئۆتۆمۆبیل سوتاوە وە زۆر ماڵ و دووكان زیانیان لێكەوتوە •

بەرهەڵستی كردنی تەمەڵی لە چیكۆسلۆڤاكیا

هەفتەی ڕابوردوو لە چیكوسلۆڤاكیا یاسایەكی نوێ دەرچووە كاری پێ ئەكرێ ، ئەم یاسەیە دژی تەمەڵی‌و دوور كەوتنەوەیە لە ئیش كردن •

وە ئاژانسی چیتیكا ئەڵێ: ئەم یاسا نوێیە سزای ئەوانە ئەدات دژی ڕژێمەكانی ئیش‌كردن ئاگرن لە دامەزراوەكانی ئیش‌كردن‌و پەروەردەو فێركردن •

بەپێی ئەم یاسایە ڕۆژی ئیش‌كردن فەرزی كۆمەڵایەتیە لە سەر هەموو هاووڵاتیەك تەمەنی لە ١٧ ساڵەوە تا ٦٠ ساڵ بێ بۆ پیاو وە ١٧ هەتا ٥٥ بۆ ژن •

توركیا بەرەو كوێ ئەڕوات؟

ئامادە كردنی
« لیكۆڵەرەوەی سیاسی هاوكاری »

باری شلەقاو ••
دوای •• تەقینەوە :–

ئەوەی بەوردی سەرنجی هەواڵ‌و دەنگ‌و باسەكانی ئەم دوایەی دابێ كە سەبارەت باری توركیا بۆتە « مەسەلەیەكی ئەگاتە ئەو ئەنجامەی كە دەمێكە جموجولێكی نا ئاسای دەستی پێ كردوە وە ئەگاتە ڕادەیەك • ئیتر ناتوانری چاوی لێ بپۆشری •• وە ڕاستیش ئەمەڕووی داو نزیكەی دوو هەفتەیەك ئەبێ باری ئێستەی توركیا بۆتە « مەسەلەیەكی گرنگ پێدراوی » ئاژانس‌و ڕۆژنامەكانی جیهان ••

سەرتاو دەنگ دانەوە :

سەرەتای خۆلقاندنی ئەوبارە نا ئاسایەی ئیستە توركیای داگرتوە ، جولانەوەی قوتابیانی دانیشگاكانی توركیایە لە ئەنقەرەو شارەكانی تر •• كە هەر چەند ڕۆژێك‌و ئەرژانە سەر شەقامەكان‌و خۆپیشان دانیان ڕێك ئەخست•• ئاڵەگەیشتە ئەو ڕادەیەی لەگەڵ بولیسا ڕوو بەڕوو ئەوەستان•• گەورەترین خۆپیشان دانی قوتابیانیش لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابوردوا بو كە دەنگ‌بڵاو بوە وە •• قوتابیانی دانیشگای ئەنقەرە چوار سەربازی ئەمریكایەكان رفاندوە•• ئەمە بێجگە لەوەی چەندجارێكی تریش تەقینەوەی توند لە دامەزراوەكانی ئەمریكا لەتركیا ڕووی دابو ••

گوایە ڕفێنەرەكان چەتەو یاخی بون :–

كە ئەو كارە ڕووی دا ••وەڕفێنەرەكان خواستی خۆیان‌بەرچاو خست بەرامبەر بەرەڵا كردنی ئەو چوار سەربازە ئەمریكایە ئەویش بریتیە لەدانی «٤٠٠» هەزار دۆلار یان لە سێدارەدانی هەر چواریان• حكومەتی توركیا ئاشكرای كرد بە هیچ جۆرێ ئامادە نیە وەڵامی خواستی دەستەیەك (گوایە) چەتەو یاخی بو باتەوە ••

شەڕ لە ناو دانیشگای ئەنقەرە :–

ئاژانسەكانی دەنگ‌و باس ڕایان گەیاند كە لە ئەنجامی ئەممەدا نزیكەی پێنج هەزار سەربازی كۆماندوس‌و هێزی دەرەكو پولیسی تورك هێرشیان بردۆتە سەر دانیشگای ئەنقەرەو چوارسەعات لەگەڵ قوتابیەكانا شەڕیان كردوە • ئەم شەڕە دوای ئەوەبو ، كە هەواڵی كەشتبوە پولیس گوایە ئەمریكایە گیراوەكان لە دانیشگا شاراونەتەوە ، لە بەر ئەوە بڕیار درا پشكنینێكی فراوان لەناو دانیشگا دا بكرێ •• بەڵام لەگەڵ هاتنی هێزەكانی حكومەت‌دا بۆ دانیشگا ڕوو بەڕووی بەربەرەكانێ دانەوەیەكی چەكداری بون لەلایەن قوتابیەكانەوە • بەڵام دوای ٩٠ دەقیقە ڕابوردن بەسەر ئەو شەڕەدا ئەفسەرێ بەرتبەی كولونیل هەولی دا تەقە بوەستێنرێ‌و گفتوگو لەگەڵ قوتابیەكانا بكات ، بەڵام قوتابیەكان مل كەچی ئەو خواستە نەبون‌و هەر لە بەربەستی هێرشی هێزە سەربازیەكانا بون •

هاوار كردن بەڕوخاندنی ئیمپریالزمی ئەمریكا :–

ئەوانەی لە توركیاوە هاتون‌و باسی ئەو شەڕەی دانیشگا ئەكەن ئەڵێن قوتابیەكان لەگەڵ بەربەستی كردنی هێرشی هێزە سەربازیەكانا بۆ سەر دانیشگا كەیان هاواریان ئەكرد :

(بژی توركیای سەربەخۆ ، بروخێ ئیمپریالزمی ئەمریكا)•

وە دوای كۆتای شەڕەكە سەربازەكان كوناو كونی دانیشگا كە ئەگەڕان بەدوای چوار ئەمریكایە گوم بوەكەدا، دوای ئەوەی ئەنجامی بەیەكا هاتنی قوتابی‌و سەربازەكان بوە هۆی كوشتنی قوتابیەك‌و بریندار بونی ١٥ قوتابی ترو ئەفسەرێك‌و سەربازێك •

تەقینەوە لە ناو حكومەتی توركیا دا :–

ئەم بارە نا ئاسایە گەیشتە ڕادەیەك فەرماندەكانی هێزە سوپایەكان ، بكەونە جولەو هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەو بارەتێك چوەی توركیا دیاری بكەن لەم ڕێگایەوە، ئاتكەو هێزی سەربازیان ڕژانە سەر شەقامەكانی توركیاو لە ئیستگەی ڕادیوی توركیاوە هەڕەشەیان كرد بە دەست بەسەرا گرتنی حوكم گوایە ئەگەر كارێكی وا نەكرێ باری ئاژاوەو تێك چوی توركیا دوای بێت ، لە ئەنجامی ئەم هەڕەشەیەدا حكومەتەكەی

سلیمان دیمیریل

جەودەت سۆنای

سلیمان دیمێریل ئیستقالەی كرد ••

فەرماندە سەربازیەكان چیان ئەوێ ؟!

ئەو فەرماندە سەربازیانەی هەڕەشەیان كردبو بە بەرپاكردنی هەلگەڕانەوەی سەربازی ، ئەوەیان كردوە بەبیانو كە پێویستە حكومەتی كاری بەدەستێ هەڵویستی توند بنوێنێ دژی هەموو بەرەكانی چەپ ڕەو ڕاست ڕەو وەكو یەك !! لێرە دا ئەو پرسیارەی دێتە كایەوە •• ئایا ئەمانە خۆیان چین ؟! لە كاتێكا ئەو بارەی توركیای گەیاندوتە ئەم ڕادەیە تەنیا ئەو بزوتنەوەیە دژی دەسەڵاتی ئەمریكایەكان لە توركیا دەستی پێ كردوە ؟!

لەكوێوەو بەرەو كوێ ؟!

لەكوتای‌دا ئەوەی ڕاستی ڕووداوەكان ئەیسلمێنێ باری ئاسكی توركیا لە وە ناچێ بە تەنیا هێنانی حكومەتێ فەرماندە سەربازیەكان لێ ڕازی‌بن دوای بێت چونكە زۆر نیشانە هەیە ئەوە دەر ئەخات چاوەڕێ ڕوو داوی گەورەتر ئەكرێ • چونكە هەتا ئەو هەڕەشەو گورەنەیەی فەرماندە سەربازیەكان كردیان لەگەرچی حكومەتەكەی دیمرێلی ڕوخان بەڵام جۆلانەوەی میللی دژی دەسەڵاتی ئەمریكای لە توركیا نەوەستان ، هەر دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕوو داوەی فەرماندە سەربازیەكان ٣ تەقینەوەی بەهێز لە ئەستنبول ڕووی دا ، تەقینەوەیەكیان لە بانقێكی ئەمریكا ڕووی داوە ، وە بەرێوەبەرو ژماریاری بنوسگەیەكی ئەمریكایش هەر لە ئەستنبول بەرگولله دراون كە بەجۆری پێكراون ترسیان زۆر لێ ئەكرێ •

بێ‌گومان گەلانی توركیا، بە تورك‌و كوردەوە • لە خەباتی درێژخایەن وازناهێنن‌و بەلامانەوە ، ئەمە سەرەتایكی سەركەوتووی ئەو خەباتەیە •• لەوانەیە تروسكەیەك دەشتێ بسوتێنێ ••

● ئەو چوار سەربازە ئەمریكایەی لە ئەنقەرە فرێنراون : لەلای چەپەوە « سەرو : رێتشارد كارازی ، لیری هانگر ، لەلای خوارەوە :جێمی ساكسۆن ، جێمس گولسون •

● فەرماندە سەربازیەكانی توركیا كە هەڕەشەیان‌كردبو بەهەڵگێڕانەوەی حكومەتی توركیا

دەست پێ كردنی محاكەمەی ئەنجیلا دیڤیس

پێری لە شاری – سان رافائیل –لە هەرێمی كالیفورنیا محاكمەی تێكوشەری رەش– ئەنجێلا دیڤیز – دەستی پێ كرد •

ئەم تێكوشەرە مامۆستای فەلسەفەبو لە دانیشگایەكی ئەمریكا ••

وە چاوەڕێ ئەكرێ محاكمەكەی سێ ڕۆژ بخایەنێ ئەوەی شایانی باسە بەسەدان هاو وولاتی ئەمریكای لەكاتی دەست پێ‌كردنی محاكمەكەدا خۆپیشان دانێكی گەورەیان ڕێكخستبو، هاواریان ئەكرد – ئەنجێلا بەرەڵا كەن – •

نەتەوە یەكگرتوەكان ئیسرائیل گوناهبار ئەكات

لیژنەی مافەكانی مرۆڤ كە سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكانە ئیسرائیلی گوناهبار كردوە بە بەكارهێنانی سیاسەتی توندو تیژی نارەوا دژی هاووڵاتیەكانی زەوی‌و زاری داگیر كراوی عەرەب •

وە لیژنەكە بە زیاتری ١٤ دەنگ بەرامبەر دوو دەنگ‌و خۆ كێشانەوەی ١٤ی تر لە دەنگ دان بڕیارێكی مور كرد كە ئیسرائیل گوناهبار ئەكات بە لادان لە یاساكانی مافی مرۆڤ • ئەو دوو وولاتەش دەنگیان لە دژی ئەو بڕیارە داوە ئەمریكاو گواتیمالابون •

وە بڕیارەكە بەتوندی نارەزای دەربڕی وە بەرامبەر سیاسەتی ئیسرائیل كە مەبەستی ئەوەیە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەبێزاری بژین‌و هەمیشە لە ترس‌و نارەحەتیدابن •

ئەندیرا گاندی : ئەنجامی هەڵبژاردنەكەی هندستان نوشستی ڕاست‌ڕەوو كۆنەپەرستان بوو

خاتو ئەندیرا غاندی سەرەك وەزیرانی هندستان‌و پێشەوای پارتی كۆنگرە باسی هەڵبژاردنەكەی ئەم دوایەی وولاتەكەی واكردوە ، كە سەركەوتنی گەل‌بو ، دیسان بەوەی ناوبردوە ئەم ئەنجامە ڕێكەوتوە لەگەڵ ڕوشتنی لە سەر ڕێگای ئاشتی‌و پێش‌كەوتنی كۆمەڵایەتی •

دیسان‌خاتو ئەندیرا ووتویە: ئەم ئەنجامە دەربڕینی سەركەوتنی هێزەكانی دژ بە خێلایەتی‌و خۆپەرستی‌و كۆنەپەرستەكانی ڕاستڕەوە ، كە ئەوانە هەموو كۆسپ بون لە ڕێگای جێبەجێ كردنی دیمكراتی ڕاستەقینەدا لە وولاتا •

وە ئەندیرا ئەوەشی سەلماند كە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەم دوایە ئەوەی خستە ڕوو سۆشیالستی تەنیا ڕێگایە پێویستە هندستان لەسەری بڕوات لەپێناوی خێرو خۆشی گەلەكەیا ••

ئەوەی شایەنی باسە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە سەركەوتنی تەواوی پارتی كۆنگرەبو وە كەوتنی هێزەكانی ڕاست ڕەو كە لە بەرەیەكی سیاسی‌دا كۆبوبونەوە بۆ ڕوخاندنی پێشەوایەتی خاتو ئەندیرا غاندی •

ناردنە دەرەوەی ئۆتۆمۆبیلی پۆلۆنی لە ساڵی ١٩٧٠ دا

گفتوگویەك لەگەڵ بەرێوەبەری بەشی ئابوری لە – پول – مۆت دامەزراوی بازرگانی دەرەوە بۆ پیشەسازی موحرکات ••

● ژمارەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەچەندن كە ساڵی ڕابوردو لە پولونیا نێراونەتە دەرەوە ؟

– ٤٠ هەزار ئۆتۆمۆبێلمان‌ناردۆتە دەرە وە لەمانە ٥٠٪ی لە جۆری – فیات – بوە ، تەنیابۆ یوگسلافیا ٣٢٠٠ نێراوە ، لە جۆری (زوك)و لۆری ٥٣٧نێراوە وە ٥٩٠ پاس •

● چون ئەنێرنە دەرەوە ؟

– بەشی زۆری ئەچی بۆسوفیەت وە لەساڵی ڕابوردوا هەنگاریا بەشی زۆرمان بۆناردوە • وەساڵی ١٩٧٠ بۆ ئوستراڵیاو عەرەبی سعودیەوبەلجیكا و فنلنداو یونان و لبنان‌و نایجریامان ناردوە •

● ئایا (پول – موت)بازاری نوی بۆ ئۆتۆمۆبێل فیات بە تەنیا دەست ئەخات •

– نە• • بەلكو گەلی جۆری‌ترمان ناردۆتە دەرەوە وە لە هەموو جۆر بەتایبەتی بۆ نایجریاو هیكلی ئۆتۆمۆبێلمان ناردوە بۆ عیراقیش ••

وە ساڵی ١٩٧٠ –ر٣٥ هەزارلە ١٣ جۆر ئۆتۆمۆبێل ناردۆتە دەرەوە •

●



كتێبی هاوكاری

ڕاستی بوونی گەلەكانی ئێران و ئەفسانەی م. ماكان

وەرگێر : ف•ا•ق

واقعێك كە نكوول لێ ناكرێت ئەوەیە كە چەند ملیون خەلكی ئازربایجان بەزمانی ئازەری كەزمانێكی غەیرە فارسی‌یە قسەئەكەن • ئەنیا ئەرەندەیەسە كە ماكان زەحمەت بداتە بەرخۆی‌و سەری یەكێ لە دێهاتەكانی ئازربایجان بدات ، ئەوسا بەچاوی خۆی ئەبینێت كەزمانی خەلكی ئازربایجان تاچ ئەندازەیەك جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی فارسی‌دا •

ئاغای ماكان بەستو دلگیرەلەوەی كەزمانی توركی بە درێژوو سەپاوە بەسەر خەلكی ئازربایجانا ، كەچی خۆی لەنیوەی دووەمی سەدەمی بیستەم‌دا ، پێشنیاز ئەكات كە زمانێكی‌تر • وەئەمجارە زمانی فارسی بسەپێنرێ بەسەر خەلكی ئازربایجانا • ماكان وابیرئەكاتەوە كە كاتێك دان بنێت بە بوونی گەل جیاوازی ئازربایجانا ، مانای وایە بەزۆر زارەكی دان بە جیابوونەوەی ئازربایجان لە ئێران‌دا ئەنێت • سەبارەت بەوەی ترسی جیابوونەوەیەكی وا وەك خێو باڵی كیشاوە بەسەر ئامێلكەكەی‌دا ، لەبەر ئەوە ڕێگای چارەسەركردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لەئێران‌دا بەنكوولی كردنی‌بوونی نەتەوە جیاجیاكانی ئێران ئەزانێت • بەڵام ئایا بەم كارەشوڤێنیستی‌یە ئەتوانێت ئەوراستی‌یە مەوزوعی‌یە بگۆڕێت وەچەند ملیۆن ئازەربایجانی لەئێران بێبەش بكات لە مافی نەتەوایەتی خۆیان‌وەیا زمانی فارسی بەزۆر بسەپێنێ بەسەریانا ؟

ئایا ئەمە هەر ئەو سیاسەتەنی‌یە كە رەزاشا دابوویە پێش، لە قوتابخانەو دائیرەكان‌و ئەنانەت لەكۆڵان‌و بازاریش‌دا بەزمانی ئازەربایجانی دووانی قەدەغە كردبوو • بەڵام ئەنجامی ئەو سیاسەتە چی بوو؟ ئەوەبوورەزا شا ڕۆیشت‌و خەلكی ئازەربایجان‌و زمانی ئازەربایجانی مانەوە •

بەڕای ئێمە گەلی ئازەربایجان پێویستە هەموو مافەكانی نەتەوایەتی خۆی دەستگیر بێت‌لەرێی سەرشانی هەموو شۆڕشگێران‌و دیموكراتی‌خوازەكانی ئێرانە كە لە پێناوی ئەم رێكایەدا خەبات بكەن • گەلی ئازەربایجان خۆیان ، بە گەلێك وەرگرتن لە مافی بڕیاردانی چارەنووس‌ئەتوانن بڕیاری ئەوە بدەن لەچوار چێوەی ئێران‌دا ئەمێننەوەیان نە •

مەسەلەی كورد لە ڕوانگەی شۆڤێنیستێكی‌فارس‌دا :

ماكان بڕوای وایە كە بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی كورد ڕابور دوویەكی دووروودرێژی هەیە بەڵام بەزۆر زارەكی باوەڕیشی وایە كە هەمووڕابەرێنەكانی گەلی كورد ، وە هەموو جوولانەوەیەكی سیاسی كورد بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی لە هەلدانی چەكدارانەوە تا بڵاو كردنەوەی ڕۆژنامە ، بەهاندانی بێگانە بووە • ئەو و بێگانەیە ، جارێك عوسمانی‌و جارێك ئینگلیز ،جارێك ئەمریكاوە جارێك سوڤیەتە • ئاغای ماكان‌لەلایەك كە دەرسی ماركسیزمی ماركسی‌یەكانی ئێران دائەدا ،لەولاوە ئەم ئەلفو بێیەی ماركسیزم نازانێت كە جولانەوەیەك دەیان‌و سەدان هەزار كەسی تیا بە شداربێ ،ئەگەر زەمینەی مەوزوعی نەبێت هیچ بێگانەیەك ناتوانێت‌دروستی بكات بەتایبەتی جولانەوەیەك‌كە بە قسەی ماكان‌خۆی لەزەمانی سەفەوی‌یەكانەوە تا ئێستا لە كوردستان‌دا بەردەوام بووبێت • ئەوەی كە جاسوسەكانی بێگانەو نۆكەرەكانی دەولەتەئیمپریالیستی‌یەكان كۆششیان كردووەو ئەی كەن تا دزەبكەنە ناو جولانەوە نەتەوایەتی‌و دیموكراسی‌یەكان‌شتێكی نوێ نی‌یەو تەنیا پەیوەندی بە جولانەوەی گەلی‌كوردەوەنی‌یە • بەڵام ئایا كۆششی ئیمپریالیستەكان بۆپەیداكردنی دەسەڵات لەناو جولانەوەیەك‌دا ئەتوانرێت‌بكرێت بەبەلگەی نارەسەنێتی ئەم جولانەوەیە ؟ ماكان ئەم‌دوو مەسەلەیە ، واتە كۆشش كردنی‌هێزە ئیمپریالیستی‌یەكان‌بۆ دەسەڵات پەیداكردن لەناو جولانەوە نەتەوایەتی یەكانی‌وەبەرپا كردنی جولانەوە بەدەستی‌ئەم هێزانە، هوشیارانەوەك یەك دایان ئەنێت • وەهەر بەو هۆیەوە پاش ئەوەی چەندجموجۆلێكی بێگانەكان لەناو جولانەوە نەتەوایەتی یەكانی • كورد دەست نیشان ئەكات بەخێرایی ئەم ئەنجامەی‌بەدەست هێناوەكە ، بەم‌جۆرە روون ئەبێتەوە كەڕاپەرینەكانی كوردستان لەئێران‌دا كۆمەلەكەی نەتەوایەتی‌و زانستی نەبووەو بەلكو بەهاندانی بێگانەو بۆ مسۆگەر كردنی مەبەستی‌ئیمپریالیستەكان ڕوویداوە ، ئایا ماكان ئەوەندە بەسادەیی‌بیرئەكاتەوەكە ئەگەر هاندەرێكی نەتەوایەتی نەبوایە گەلی كوردبۆ مسۆگەركردنی مەبەستی ئیمپریالیستەكان ئەم هەموو خوێنەی ئەرژێنرا • ئایا ئیسماعیل شەریف زادەو مەلائاوارەو سلیمانی موعینی‌و دەیان كەسی‌تر كە شەهیدبون بەهاندانی بێگانە دەستیان دابووە چەك ؟ ئایا ئۆمەتی‌نۆكەرایەتی كردنی ئیمپریالیزم خستنەپاڵ ئەو شەهیدانە كەڕابەری ڕاپەرینی چەكدارانەی ئیمجارەی كوردستانیان كردژی ڕژێمی كۆنەپەرستانەی شاهەنشاهی دوژمن بەگەل ،لەلایەن كەسێكەوە خۆی بە ئازادیخوازو دژبە ئیمپریالیزم‌بزانێت ، بێ ویژدانی‌نی‌یە ؟ ماكان بو ئەوەی‌گوایا بیسەلمێنی كەكورد نەتەوەیەك‌نی‌یە لەلاپەرە ٣٢دا ئەڵێت « هەروەها وەك لەپێشەوە دیمان لینین پێوانەیەكی بنچینەیی كە دانوە بۆ، نەتەوە ، یەكێتی ئابوری یەك خەلكە • لینین هیچ كاتێك نەی‌ووتووە كە پیوانەی بنچینەیی بۆ نەتەوە یەكێتی ئابووری‌یەك خەلكە • ئەگەر ئەمە ڕاست بێت خەلكی یوگوسلاڤیاو

ماوەیتی

ئەدەب و ژیان

هۆنراوی دڵ ، لە قولایی بیری پڕسۆز
زۆرجار ووترا ، بۆ جەژنێكی وەكو نەورۆز
كە نیشانەی یەكەم رۆژی سەركەوتنە
سنووریكی پێشكەوتنە ..
رۆژی رزگاری‌و ئازادی
لەسەردانی (زوحاك)ی زۆڵ رۆژی شادی
تیایا باسی سەركەوتنی كۆنی كوردبوو
ووشەی رەنگین بۆ ئەو رۆژەدەكەوتەڕوو
هەرچۆنی بێ گەل ئەو جەژنەی لە یادنەچوو
كوردی ئەبەز ، گەورەو بچووك
لە كەژاوەی ، بەهاری بووك
لەپاڵ دۆڵ‌و شاخی سەركەش
بەپشكۆی گەش ..
دەیان نووسی : (بژی نەورۆز)
(بژی یادی راپەڕینی گاوەی دڵسۆز)
هەمان نەورۆز ..
ئەمساڵیش وا یادی ئەكەین، زۆر شانازین
بەلام هیوای جەژنی تریش هەر ئەخوازین
بۆ جەژنێ تا ، چەوساوەی كورد بگرێتەوە
دووبەرەكی‌و كێشەی ناوخۆ ببڕێتەوە
بۆ نەورۆزێك ..
وەك هی ئەمڕۆ .. گشت دڵسۆزێك

نەورۆزی كورد

هەولێر : ج . بێدەنگ

بۆ یەك رێگا هەڵگریكی تۆربەی بیرە
تۆربەی بیری (كوردایەتی)ی كوردی ژیرە
ئەوەی ژیرەو كە دڵسۆزە ..
لە خەباتا سووتەمەنی‌ی هەموو هۆزە !
بەبێ‌گومان ،، كە جوتیارە
چەوساوەیە ، كرێكارە
تا دوا ئامانج ، بەبێ‌كۆڵدان بەپەرۆشن
بۆ ناونانی جەژنێكی‌تر تێ‌ئەكۆشن
تا ئەوانە ..
ئەخنكێنرێن ..
ریشەی نیازی ئەو پزیشكەدڵڕەشانە
دەردە هێنرێن
كە لە جیاتی چاری چاوی ئادەمیزاد
چاو هەڵكۆڵبوون .. بۆخۆژیان !
تاكو (سپی) و رەنگی (خۆری بیری ئازاد)
رەشبێن بكەن ..
ئەو خەلكەیان خستەگومان
چاك ناسینی ئەو زۆڵانەودۆستو دوژمن
دەستكەوتێكە یەكجار مەزن ...
تا كورد بڵێ : بۆ یەكێتی بەپەرۆشین
بۆ ناونانی جەژنێكی‌تر ، تێ‌ئەكۆشین
بەلام ، بەلام !!
تاخاوەنی ، درۆی زڵو خۆهەڵكێشان
تەرادینی هەر لە باوبێ ..!
تاكو خلتەی میكرۆبی نێوكانی ژیان
بۆ خواردنەوە ، لە ناو ئاوبێ
هەتاوابێ ...!
لەیەك ناگەین
جەژنی خۆشی و لەش‌ساغیمان
گومان نابەین ..!
تاكو تەمو هەوری پێش‌خۆر نەتوێتەوە ..
تاچوارپارچەی دڵی خوێنین
كەرت‌كراوی ، ئەنقەست ، بەزۆر
یەكتر بەبیر ، بە كاری نوێ نەگرێتەوە
تاهەنگیش‌بێ دڵێ (بەهار)ساردوسڕە
خۆمان برسێن ، چەوسێنەرمان تێروپڕە !
تاكلیلی سەربەستیمان لای‌زۆرداربێ
رزگار نابین ..
تاچەوسێنەر لە ناوخۆمان‌وەكو هاربێ
بەختیار نابین ..
سا بانەورۆز چرای بیرمان هەڵگیرسێنی
دوژمن بەكورد بناسێنێ
خوێن مژان‌و چەوساوەكان‌جیاكاتەوە
ئالای یەكێتی ، دڵسۆزان ، هەڵكاتەوە
ئەمڕۆ ئێمە لەو (نەورۆزە)زۆر شانازین
بەلام یادی جەژنی تریش هەر ئەخوازین
بۆ جەژنێ تا ، چەوساوەی كورد بگرێتەوە
دووبەرەكی‌و كێشەی ناوخۆ ببڕێتەوە
بۆ نەورۆزی ...
وەك هی ئەمڕۆ گشت دڵسۆزێ
لە یەك رێگا هەلگریكی تۆربەی بیرە
تۆربەی بیری (كوردایەتی)ی كوردی ژیرە

نەورۆز

كەریم شارەزا

نەورۆزە ! مەستم بە نەغمەی بولبول
مەستم بە عەتری بنەوشەو سومبول
شادم بە هاژەی رووباری بەفرین
سوورم بە شلپەی شەپۆلی زیوین
كێوو گردو دۆڵ ، باخ‌ودەشتو دەر
جوانو خەملیون تێكڕاسەرانسەر
گوڵی گوڵزارو درەختی‌دەم یاڵ
هەڵپەڕكێ‌یانە بەشنەی‌شەماڵ
تیپی حاجیلەو گوڵوكی‌ڕەنگین
بوونە نیگاری قاڵی‌رووی زەمین
خۆری پرشنگدار لە‌ئاسمانی شین
پێ‌ئەكەنێ بۆ چیمەنی‌نەسرین
پۆلی پەپوولەی ئەخشینی‌جوان‌جوان
هاتو چۆیانە بەسەررووی گوڵان
شمشاڵی شوانو بارەی كارژۆڵان
جریوەو جووكەی بەسۆزی مەلان
بەرەو گوێچكەی دڵ دێ‌لە دۆڵو دەشت
خۆش وەك ئاوازی‌مۆسیقای بەهەشت
لەهەر لا مرۆ مەستە بەشادی
مەستە بە خۆشی رۆژی‌ئازادی
رۆژی پچڕانی زنجیری‌ژیان
جەژنی نەورۆزی كوردو كوردستان

ترشەبەرەی هاوكاری

● یەكەم ژمارەی بڵاو كراوەی ـ روانگە ـ كەوتە بازارەوە ، دانەیەكیان بە دیاری بۆ ناردوین جێگای سوپاسە . بەتێكڕایی لە روخسارێكی قەشەنگدا دەرهێنراوەو چەند بەرهەمێكی هەمە جەشنەی تێدایە هەر لەبانگەوازەكەوە هەتاكو چیرۆك‌و هەڵبەست‌و لێكۆڵینەوە .

● ، مامۆستای نەمر ، لە نووسینی ـ ئەریمان ـ كەوتە بازاڕەوەو دانەیەكی پێشكەش كردووین . زۆر سوپاس . وە ئومێدەواری سەركەوتنی بۆ ئەخوازین .

● ژمارەی یەكەمی ، پەروەردەو زانست ، كە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی گشتی دەری كردووە لە بەرگێكی رەنگین‌و نایابداو پڕ لە نووسینی پەروەردەیی‌و زانستی سوود بەخشە . سوپاسی دیاری‌یەكەیان ئەكەین .

● دیرۆنە ، بڵاو كراوەیەكی زانستی‌و كۆمەلایەتی‌و رامیاری مانگانەیە یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ـ لقی هەولێر ـ سەرپەرشتی ئەكات . یەكەم ژمارەی كەوتە بازارەوە .

● خەون نامەی (ابن‌سیرین) لەوەرگێڕانی مامۆستا گیو موكریانی كەوتە بازارەوە ، دانەیەكی بەدیاری بۆ ناردوین سوپاسی ئەكەین .

● یەكەم ژمارەی بەخشنامەی ، رۆشن‌بیری ، دەرچو كە لیژنەی كوردی قوتابخانەی مەریوان لە هەولێر سەرپەرشتی ئەكات .

● ژمارەی یەكەمی گۆڤاری ، رەهێلە ، كە خوێندنگای دوا ناوەندی كوڕانی هەولێر دەری ئەكات كەوتە بازارەوە ، دانەیەكیان بەدیاری بۆ ناردوین هیوای سەركەوتنی بۆ ئەكەین .

چیرۆكی ژمارە

ئەوەی تەمەنی ئەخوات

كاكەرەش بۆتانی

« بازی بەند » .

هۆڵی پایە رماوی دیواربەسەریەكا تلیساوە ، كورسی‌و لاتەختی خوارو خێچ ، دڵۆپەی‌شەقی سەربان .. ئەو چیرۆكەی دەست نیشان ئەكرد كەدانیشتوان چاوەڕوانی بوون ، پاڵەوان ، بووكە شووشەی‌دەستی منالانی بیری ئەكەیو بوو ، وەك داشی دامە ، خۆی‌مەلاس دابوو ، چاوەڕوانی دەوری ئەكرد .

دیواری دووهەمی‌پشت پەردە شێواو بوو ، كرێكاری ماندوی بێ ناوونیشان ، ماخۆلانی بوو .. پشكۆی تەنیایی بەدەمی‌یا ئەچزا .. لە مەلبەندی دنیای ئەبوونا زیندە بەچاڵ ئەكرا . بۆ مەشق ، زووری زڵی پڕ قەلەوتڕەی پێوانە ئەكرد .

ـ ئەمە شەش .

كەرەكی بوو ، پێش ئەوەی لەوێش تووڕ هەڵدرێتە دەرەوە، ژمارە سەرەتاییەكان لەكێژاوی شەڕە پەیكەری رووداوانی رابوردوودا ، لە وون بوون رزگار بكات ، ئەلێ باش گشت تاوانێك بە ئەفامیشی لەقەڵەم بدەن .

ـ ژمارە ، بناغەی دارتڕاوی ژیانی ئەم سەردەمەیە ، لەبیر چوونەوەی سەرەنگرێ كردنی دنیا خۆیەتی .. پێوانەش هەر شاگردە تا بەلەدەكەی ئەوە .

كاتێك بۆ یەكەم جار هێنایە سەر شانۆ ، وایان بە كوێ‌یا چرپاند ، لەوێوە مەشق دەستی پێ‌كرد .

ـ هەموو شتێك بەژمارە دەست پێ‌ئەكاتو بەژمارەش كۆتایی دێت .

هەنگاوێكی تری نا ، پستێكی تر لەبیری ببیر چوونەوە سەركەوت ، لەرەی دەنگی گڕو لیبیزی دیواری سەرۆزی دۆزەخەكەی ئەسمی .. لەدیواری پێنجەمەوە دەنگی ئەدایەوە .

ـ ئەمە هەشت

ـ نە، .. ئەمە حەوت

ـ ئەمە هەشت !!

لەگەل زەنگی پەردە هەڵدانەوەدا ، پاڵەوانەكان كەوتنە جمو جوول .. شانۆیان خستە هەژان .. منجە ، منجو دەنگە، دەنگ.. دانیشتوانیشی گرتەوە .

بۆ بازی بەنە دۆزینەوە هەموو شڵەژابوون ، لەم سەبرانە ، كرێكاری سێ‌كەڕو هەلاتووی بەرەو شەپۆلی دەریای خەیاڵو یاد راكێشا .. پەلە قاژێ‌و خۆ راپسكاندن بێ سوود بوو .

« گۆبەندی دڕكەزێیەك » .

بێ شوێن هەڵگرتنی پیاوە ژیرەكەی سەر شانۆ ، ئاواتی دووری ئێمەی تازە هەڵچوو بوو ، لە داڕشتنی سەرەتای رابووردووی خۆیدا بۆی روون كردەوە كەئەم وردەكاری‌یەی لە دڕكەزێیەك وەرگرتووە . بۆ پەلامار دانی بازی بەندەكە ، بەسەر دڕكەزێیەدا باز ئەدا ، قاچی هەڵنگوێتو كوێرایی دادێت .. سەرزەنشتو پلار ئەنگی بێ هەڵئەچنێ ، بە دەمۆڵو زوڕنا دوای ئەكەونو خەریكی شار بەدەركردنی ئەبن . لە دوویات كردنەوەی هەمان جیرۆكدا ، دڕكەزێ ئەبڕێ .. بینایی رۆشن ئەبێتەوە، دیواری پێنجەم لە هاوەی گریان ئەداو قوڕ ئەپێوێ .

« مەشق » .

لە نێوەرۆژی هاوینی رۆژی هەینی‌دا ، لەژێر گومەزی مزگەوتی گەورە دەرئەپەڕن ، لە شەقامو گۆرەپانەكەی شاردا دەست ئەكەن بە بانگدانو گۆرانی وتن . لەگەل دەركەوتنی رۆلەكانی دیواری پێنجەم بەرەو كۆڵانە تەنگە بەرەكانو كەلاوە كۆنەكان رایان ئەكرد .

ـ كرێكی یاسا لەچارەكردنی ناكۆكی‌یەكاندایە .

ـ بەلام ئە یاسا خۆی ، وەئە یاسا بەدەستەكان ئەتوانن بڕیاری گۆڕكردنو سەربڕینی مرۆڤ بدەن .

ـ رازی بوون بەیاسا خۆی، پاشماوەی گێل مرۆڤ نیشان ئەدات .

« هەنگاو بەرەو ژێر » .

دووا قرفێنەی شەرابی شەوانی رابوردوو ، ژمارەو بیری خزاندە باوەشی خۆیەوە، پەردەی بەسەر دارە مەیتەكەدا دا .. ئەرمە كۆكەی دڵ لەرزێنی كەلێنی پڕ كردەوە . لەگێژاوی ئازاری بەسامدا لوولدا .. لەلای دامێنی قەلەوتڕەی ئەو هاوڕێیەی دانیشت ، كە دوێنێ كەلاكە بێ سیبەكانی تووڕ هەڵدرایە دەرەوە .

« بەندیخانەی دەروێش » .

رازو گلەیی دەستەوسانی خۆی بەو دیو پەردە ئەگەیاند، بەیادی مارمێلكەی ئەنیشت سەتگەرە داخ بووەكەی جارانی هاواری بۆ مشكە كوێرەكانی ناو ئەشكەوتی پشوودانی ئەبرد .

بۆ رووی تەنیایی ئامادە كردبوو تەنیایی ئادەمیزاد ، بۆیە وا هاڵاوی بە دەمدا ئەكرد . بێ‌دەنگی .. كپی .. تەنیایی .. ئارامی لەبەر هەڵگرتبوو .

ـ گەوجن .. گەوجن ، ئەو ریش درێژانەی كە كونجی قەناعەتیان گرتووە ، لە تارمایی جوولانو تەكان‌دان .. لەژێر لێفەی بەفری چلەی زستاندا خۆی مەلاس دابوو . كپو دەنگی مژدەی درزی دیواری ژیانی بێ پەخشی . چاو ، بە شوێن تارمایی مرۆڤێكی ساغ‌دا ئەگەڕا . پەنا بردنە بەر ئاهور مژدە كە شوورەی قەدەغەكردنی ئارەزووی بەر بۆمبای گەردوون كەوێت .

ـ كەللە سەری بەر هەوارەكە بەر ئەتۆم كەوێت .

ـ تەنها گیانداره .. گیاندار بزووتنەوەیەك بەبیری تەزیووی بەختەوەریم بدات .

كۆكەی سی رزێن ، لەلوولەی قەلەوێرەكەوە خوولی ئەخوارد ، شەوكاری ئەمەلی لاویەتی بەرەو شەق بوون ئەبرد ، ئارەزووی تفی سەربەرەو ژوور لەناخی دەروونی بێزاری‌و سەرسامی‌یەوە پەنگی خواردبووەوە . بۆ هەلێك ئەگەڕا .

ـ دەی دەستت خۆش بێت .

ـ ئەكەی ، رووی خۆت ئەگرێتەوە .

بەلغەمی سی‌یە كوناودەرەكەی ئەبوونا چاوەڕوانی ئیلهام ئەكەن . شێتن ئەو ئەڵامانەی لە زێرخانی شێ دارا ، تەزبیحی قەزوانی سەدو یەك دەنگی لە دەستیاندا ئەسوێنن ، لە پانایی دارەڕادا ئەیانەوێ گەورەی وەدی بكەن .

هاوڕێ ژیرەكەی هەر لە سەرەتاوە ئەوەی بۆ روون كردبووەوە كە ئەو رووداوانەی بوونەتە هۆی نووسینی چیرۆكەكە ، نموونەی لەناو لاپەڕەی دەفتەری كۆندا وەدی ناگرێ . بۆیە لە یاسا بەرختەرە . كۆكەی لە قوڕگی‌دا خنكاند .

ـ لەم تابلۆیەدا ، ئاهورمزدە چەپلەی بۆ لێدام .. خۆشەویستەكەم لەسەر شانۆ ماچێكی كردم .

هەورە تریشقە دنیای بیری روون كردەوە ، ئەكالی دا ، لە ناوەڕاستی قەلەوتڕەكە لە جێی كیان دەرچوونی هاوڕێكەی قوت بووەوە .

ـ بەختەوەری لە تەنیایی ژیاندا نیە ، تووڵە ماری دێی رێچكەی خۆی لەناو دەواری شڕی دڵو دەروونی میوانەكان ئەگرێ . بەختیاری لە راستی كردەوەی رۆژانەدایە .

بەلغەم بینەقاقای گرت ، قسەكانی تری بێ قووتدایەوە، بەرهەڵستكردنو باڵەبەستو دەستیان دایە بەخەی یەك . بەلغەمە سوورە زلەكەسەرەنگری بوو ، لە ناوەڕاستی ژوورەكەدا خۆی نووتە كرد .

« سەرگێش چەمووش » .

هەوری رەشی ژیانی ساڵانی سەر شانۆ ، تارمایی لە بیلبیلەكانی چاوی گرد . لەوە فرتێی بەلەسە بوون ، بە بنی زگیەوە سەری وێلی دەرهێنا . رەنگی ناو تەلیسمەكە بەسەر یەكدا ترشان . بەلغەمی سوور هەتا ئەهات گەورە ئەبوو . بەلو پۆی ئەژدیهایی ئەماوێشت بەناو خۆیا ئەتەقیەوە . زل بوو .. زل بوو .. لە عەزرەتا بە زمان هات . دەنگی لە تەلی مۆسیقای (تەمسویری) جیرۆكەكەی سەر شانۆ تێكەل بوو .

ـ كۆتایی بەسەرهاتەكە نیشان درا .

ـ نە، .. نە، .. لە كۆتایی

بروانە : ل ٧

بابەگیان
دەڵێن جیهان
ئەمڕۆ دەبێ رازاوەبێ
بۆ رۆژی نوێمان خەملیوبێ
ئاگاداری
هەشتەمین جەژنی نەورۆزە
لێك ناكەین جەژنەپیرۆزە
بەڵێ باوە
ئا لەوساوە
شۆڕشی ئەیلول رووی‌داوە
ئەمن لێرە
تۆ بەجیاوە
جەژنانەكەم لێ براوە
لەم نەورۆزە ..
چی خەرج كەم
چیم ئەماوە ..
منی رەنگ زەرد
بە ئێش‌و دەرد
بەبێ كەوشم
جل پیناوی
هەڵ دەلەرزم
جلی مەوزو سووری جەژن

وەك پەلە هەوری بەهارن
لەگێتی مندا ئەماون
خەونێكی خۆشی‌منالێ
وەك خەیالێ
ژیانم دۆزە
بۆ حالم فرمێسك مەڕێژە
بە شانازی
بۆ مێژووم باسم ببێژە
گیانە باوە
تەنها لەمن رووی نەدواە
هەر منداڵێكی كە كوردە
باوكی وەكوو كۆنەبەردە
مافی خوراوە
وەكو منی لێ‌قەوماوە
نوێ باوە
ئازانی چیم لەهەناوە
پڕ زووخاوە
رۆژی خۆیدی
هەڵ پڕێژی
لێی بنێژرێ
چاوەڕێم جەژنی داهاتوو
هەردوومان پێكرا ..

ئەمن‌و تۆ
لێك بكەین جەژنەپیرۆزە
بە سەربەستی گەل‌وهۆزا
چاوەڕێیە .. چاوەڕێ
بەماچی گەرمی گەرمی‌دەرووێت
كوڵمی زەردم
سوور هەڵ گەڕێ
لە باوەشت
گیانی ساردم
گەرم دابێ
چاوم لەنێو چاوت‌دەبڕم
فرمێسكی شادی بەكوڵم
بسڕە .. دەسڕم
ئەوسا
تۆ چیرۆكی بالەوانیت
وانیت
بڵێ .. بڵێم ..
منیش دوور لە باسە
بدوێ .. بڕوێم ..
لەژێر سێبەری سەربەستی
تۆخەی بڵێم ..
تۆخەی بڵێم ..

كوردستان موكریانی

ژمارە : ١٠
٢٠ی مارت ١٩٧١

كوردستان لە ١١ی ئاذاردا

هەولێر

منالانی شەهیدان

كۆمەڵانی خەڵكی تێكۆشەری هەولێر هاوبەشی خۆشی و شادی جەژنی برایەتی و ئاشتی ئەكات .

بەر لە ساڵێك گەلی كوردمان لە ئەنجامی خەباتێكی بێ ووچان و بەرابەری پارتی دیموكراتی كوردستان و سەركردایەتی پێشەوای مەزنی كورد مستەفا بارزانی ، پاش گفتوگۆیەكی گەورە بوو لەرێ رەوی تێكۆشانی گەلی كوردمان لە كوردستانی عێراقدا .

بەیانی ١١ی ئاذار قوناخێكی تازەو ناسكی خستە بەردەم جووڵانەوەی نیشتمانی كورد ، بۆ بایەخێكی تایبەتی لە ژیانی ئەم سەردەمەی خەڵكی كوردستان هەیە . هەر چەندە ناوەرۆكی ئەم بەیانە بە سەرەتای ئامانجەكانی جووڵانەوەی پێشكەوتن خوازی گەلەكەمان ئەژمێری ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستكەوتێكی گەورەی نەتەوەكەمانە جا چەند هەوڵ و كۆشش بۆ چەسپاندنی بكرێ هەركەمە .

كۆمەڵانی خەڵكی هەولێریش وەك گشت میللەتی كوردمان بەوپەری گەرمیەوە یادی ئەم جەژنە پیرۆزەی كرد .

رۆژنامەی هاوكاری ئەم راپۆرتەی خوارەوە دەربارەی ئاهەنگەكانی كۆمەڵانی خەڵكی هەولێر بۆ خوێندەوارانی خۆی **پێشكەش ئەكات .**

شاری هەولێر سەرتاپای بە سەدەها دروشمی رەنگاو رەنگ و ئاڵای سەوزو سوورو زەردو وێنەی پێشەوای مەزنی كورد بارزانی مستەفا رازابووەوە . هەروەها بارەگای گشت رێكخراوەكان بە جوانترین شێوە هەمیسان رازابوەوە .. وە لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستان سەرپەرشتی چالاكی شاری هەولێری ئەكرد .

بۆنەوەی گردنەوەی بارەگا . بەرێز كاك عبدالوهاب گفتوگۆیەكی برایانەی كرد لەگەڵ دەستەی بەرێوەبەری ی.ن.ك . لقی هەولێر ، وە پشتگیری خۆی سەلماند بۆیان هەروەها (٥٠) دیناری بەخشی بە یەكێتی .وە بەڵێنیدا ئەو گیروگرفتانەی لە بەردەم لقی یەكێتی هەیە چاری بكات . بۆ ئەوەی یەكێتی ن.ك . بە ئەركی سەر شانی خۆی هەڵبێ .

رۆژی ١١-٣-٩٧١

سەر لە بەیانی كاتێك جەماهیری هەولێر خۆی ئامادە ئەكرد بۆ خۆپیشاندان و كۆلەبوونەوە لە بەردەم بارەگای لقی دووی پ.د.ك لە سەعات نۆی بەیانی لەژێر چاودێری

لە سەعات ٩٫٣٠ سەرەتای خۆپیشاندانی جەماهیری هەولێر لە بەردەم بارەگای لقی دوو دەستی پێكرد لە پێشەوە گەڵاوەی لقی دوو پاشان بە چكە شەهیدەكانی كوردستان .

> ● بەیانی ١١ی ئاذار دەربڕێنێكە بۆداخوازی یە نەتەوایەتیەكانی گەلی كوردمان لە عێراقدا .
>
> ● عاش تآخي العرب والاكراد والتركمان والاثوريين والاقليات كافة في العراق .

گەڵاوەی یەكێتی نووسەرانی كورد . گشت قوتابخانەكان لە دوای ئەوان گەڵاوەی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان . بەم جۆرە گەڵاوەو نوێنەرانی گشت چین و رێكخراوەكانی

ممتاز حیدری

(ئەواوی ووتارەكە لەم ژمارەیەدا ئەخوێنەوە) پاشان تێكۆشەر محمد ملا قادر كارگێری لقی دووی پ.د.ك ووتارێكی سیاسی خوێندەوە . دوایە دوای ئەم نوێنەری رێكخراوی حزبی لە هەولێر ووتارێكی پێشكەش كرد . پاشان مامۆستا ملا علی عبدالله سەرۆكی یەكێتی زانایانی كوردستان ووتارێكی بەزمانی عەرەبی پێشكەش كرد . ئینجا نۆرە هاتەسەر مامۆستا بەرێز محمد اسماعیل بەرێوەبەری پەروەردەو فێركردن بە ناوی لیژنەی پەیوەندی رێكخراوە كوردستانیەكان ووتارێكی

لەسەر بەردی برایەتی كورد و عەرەب پیلانەكانی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت وورد و خاش ئەكرێت

رۆژی ١٠-٣-٩٧١

سەر لە بەیانی لە كات ژمێری (١١) ئاهەنگێكی جوان سازكرا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی دارستانی هەولێر . بەبۆنەی جەژنی دارو درەخت لە ژێر چاودێری پارێزگای هەولێر بەرێز كاك عبدالوهاب ئەتروشی ئاهەنگەكە بە خوێندنەوەی

چەند ئایەتێكی پیرۆز كرایەوە ، پاشان بەرێز كاك عبدالوهاب ووتارێكی ئایابی دەربارەی جەژنی دارو درەخت و پەیوەندی بو وژانەوەی بەهۆی بەیانی ١١ی ئاذارەوە چۆنە هەروەها چ كراوە لەم رووەوە دوابەدوای ئەو بەرێوەبەری دارستانی هەولێر وتارێكی پێشكەش كرد

هەروەها چەند گۆرانی و هەڵبەستێكی پێشكەش كرا جادەست كرا بەرواندی یەكەم لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە .

سەر لە ئێوارە رۆژی ١٠-٣-٩٧١ تێكۆشەر عبدالوهاب ئەتروشی سەردانێكی بارەگای یەكێتی نووسەرانی كوردو لقی هەولێر كرد بە

وەزیری پیشەسازی كاك طه جەزراوی كارگەی مافوری دەستی كردەوە لە ئێوارە ئاهەنگێكی خنجیلانەدا لەم ئاهەنگەدا زۆر لە كاربەدەستانی شار لە سەرووی هەموویانەوە بەرێز پارێزگاری هەولێر كاك عبدالوهاب ئامادە بوون لە لایەكی تریشەوە

كۆمەڵایەتی و پیشەیی كوردستان یەك بەدوای یەك لە ژێر سەدەها دروشمی رەنگین و بە ئاوازی گۆرانی و سرودی ئەی رەقیب و پێشمەرگەی قارەمان و هاواریان ئەكرد بە ژیانی بارزانی و برایەتی كوردو عەرەب هاوكاری نێوان پارتی و بەعس ئیتر رووبان كردە شوێنی تایبەتی لەوەی شایەنی باسە كاك بارزان و كاك سعید یحی بەدەنگە بەجۆشەكەیان پارچە هەڵبەست و ناوی گەڵاوەكانی بە خەڵكی راگەیاند .

نزیكەی كات ژمێر ١١ی بەیانی گۆرەپانی یاری كردن زیاتر لە ٢٠ هەزار كەس لە

> ● بژی یادی یەكەمی دەرچونی بەیانی یانزەی ئاذاری مێژوویی .
>
> ● تطبیق كافة بنود ١١ اذار التاریخي خیر ضمان للدفاع عن ثورة ١٧ تموز والجمهوریة العراقیة .

ئافرەت و پیاو منداڵ و پیر رژابوونە ئەوناوە .

لە كات ژمێر ١١دا ئاهەنگی لقی دووی پ.د.ك. دەستی پێكرد بە وەستان دەقیقەیەك لە بۆ گیانی پاكی شەهیدانی رێگای ئازادی كوردستان و گەلی عێراق . پاشان سروودی سڵاو لە پارتی دیموكراتی كوردستان پێشكەش كرا دوایە دوای ئەو پارێزگار عبدالوهاب ئەتروش ووتارێكی خوێندەوە

پێشكەش كرا .

دوا بەدوای مامۆستا محمد ووتاری رێكخراوە پیشەییەكان خوێندرایەوە دوا بەدوای ئەم جیرۆكی شانۆگەری بلێسەی شۆرش لە نوسینی مامۆستا فوئاد ئاجی و دەرهێنانی هونەرمەند صباح عبدالرحمان وە پێشكەش كردنی تیپی هونەری هەولێر . بەڵام بەداخەوە رەشەبا نەی هێشت ئاهەنگەكە تەواوبێت .

● كات ژمێری یەكی پاش نیوەرۆ :

لە ژێر چاودێری پارێزگاری هەولێر كاك عبدالوهاب ئەتروش بە شێكی تایبەتی لە ئەخۆشخانەی كۆماری لە لایەن یەكێتی مامۆستایانی كوردستان لە هەولێر بۆ ئەندامانی یەكێتی كرایەوە ئەوەی شایانی باسە ئەم بەشە تایبەتیە بۆ نەخۆشەكانی ی.م.ك بریتی لە (٢٤) تەختە بە خۆرایی بە بۆ ئەندامانی .

رۆژی ١٢-٣-٩٧١

یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ئاهەنگێكی گەورە ساز ئەكات بۆ رۆژی دووەم ئاهەنگی كۆمەڵانی خەڵكی هەولێر بەردەوام بوو . بۆ ئێوارە لە كات ژمێری چوار لە هۆڵی شارەوانی هەولێر لە ژێر چاودێری پارێزگای هەلێر . وە بەئامادەبوونی تاقمێكی زۆر

ووتاری پ.د.ك هەولێر

« ئەم ووتارە لەئاهەنگی یادكرنەوەی جەژنی ١١ی ئاذار لەهەولێر كرا ، تێكۆشەر محمد ملا قادر كادیری لقی دوو پ.د.ك. پێشكەشی كرد » .

بەرێز پارێزگاری هەولێر هەڤال عبدالوهاب اتروشی

هەڤالانی تێكۆشەر خۆشكو برایانی بەرێز

بەناوی لقی ٢ پارتیمان پارتی دیموكراتی كوردستان پیرۆز بایی تان لێدەكەین بە بونەی تێپەربوونی یەك ساڵ بەسەر دەرچونی بەیان نامەی ١١ ئاذاری مێژوویی وە لە خودای گەورە دەپاڕێنەوە كە هەمو ساڵێك یادی ئەم رۆژە پیرۆزە بكەینەوە و بەیانەكە بە تەواوی جێبەجێ كرابێ وە حوكمی زاتی لە كوردستانی عیراق جێگیر بوبێ وە برایەتی راستە قینە لە نێوان گەلی عیراق بەعەرەب و كوردو كەمایەتیەكانی بەرەوپێشەوە بچێت .

برایانی خۆشەویست ئەبێ هەموو لایەكمان ئەوە بزانین میللەتی كورد وەك هەموو میللەتانی جیهان مەرجی نەتەوایەتی تەواوی لێ هاتوتەدیی وەك خاكو زمانو یەكێتی ئابوری تایبەتی خۆی هەیە وە ئەبێ وەك هەمو میللەتێك مافی نەتەوایەتی سروشتی خۆی وەربگرێت و نابێ لێ زەوت بكرێ . جا بۆیە لەم رۆژەی كەمافی لێ زەوت كراوە وحەقی نەتەوایەتی خراوەتە ژێر پێ رولە دڵسۆزە رۆشەن بیرەكانی بیریان كردۆتەوە لە رزگار كردن و گەیاندنی بە مافی رەوای خۆی لە رێگای دامەزراندنی كۆمەڵ و پارتی سیاسی وەك حزبی هیواو رزگاری و شۆرش وەلە دوایی ئەم حزبانەش بەپێ رۆژگاری ئەم سەردەمە پارتی دیموكراتی كوردستان لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ هاتە كایەوە بە سەرو كایەتی رولەی بەوەفای كورد كاك مصطفی بارزانی وە ئامانجو ئەهدافی پارتیمان لە سەرەتای لە دایك بونیەوە تا ئیستا خۆ مختاری گەلەكەمانی كردو بە دروشم وە هەمیشە داوای حوكمی زاتی كردوە بۆ كوردستانی عیراق وە لەم پێناوەدا ئەهەمو كاتێك خەباتی سیاسی كردوە وویستویەتی میللەتەكەمان هوشیار بكاتەوەو رێكی بخات بیكات بە هێزێكی توندو تیژو بتوانی داوای مافەكانی خۆی بكات و بەكار بەدەستانی فەرمان رەوای عیراق بسەلمێنی كە گەلی كوردمان بە كوردستانی عیراق ئەبێ بە مافە رەواكانی خۆی بگات بەڵام كاربەدەستانی حكومەتی عیراق لە سەردەمی پاشایەتی بۆگەن بەتەواوی دانی بە مافە رەواكانی گەلەكەمان نە ئەهێنا وە هەمیشە خەریكی تواندنەوەی بوو . وە میللەتی كوردمان لەم پێناوەدا چەند شۆرشێكی بەرپا كردوە بەڵام بەداخەوە شۆرشەكان بە ئەنجا

بروانە ل - ٥

مامۆستا وداد خالص : ئافرەتی كورد هەرگیز درێغی نەكردووە لە خەبات كردندا

مامۆستا سمیرە یاسین

مامۆستا وداد خالص

قوتابی پەرژین عزیز عقراوی

پەیام نێری رۆژنامەكەمان لەكەركوك بانگكرا بۆ سەردانی قوتابخانەی ئامادەیی كەركوكی كچان ، لەكاتێكدا كچە قوتابییە كوردەكانی ئەم قوتابخانەیە خەریكی پرۆڤە كردنی نواندنی چیرۆكێكی شانۆگەریی كوردی بوون لەژێر ناوی « تێكۆشانی ئافرەتانی كوردستان » كە بە سەرپەرشتی یەكێتیی قوتابیانی

كوردستان - لقی كەركوك ئامادە ئەكرا بۆ پێشكەش كردنی بەبۆنەی یادی تێپەربوونی ساڵێك بەسەر دەرچوونی بەیاننامە مێژوویییەكی ١١ی ئادارەوە . پەیام نێری رۆژنامەكەمان بەو پەڕی سوپاس و دڵ خۆشییەوە داواكەیانی هێنایەدی . لە رێكەوتی «٣٠-٣-١٩٧١» لەهۆڵی قوتابخانەی ناوبراودا كۆڕێكی

رەشا لەناو جەرگەی كوردستانا هەمیشە وەك گڕو بلێسەی باوەگوڕ گوڕمان بەتین و تاوە .. دەنگی زوڵاڵی ئەوەی گاوە .رگەی رابەرێتیان زیاتر لەترمش و توقی دوژمنانی كوردو كوردستان ئەبات .

«هاوكاری»

● خاتو وداد خالص

خاتو «وداد خالص» مامۆستایەكی هەڵكەوتووی

بەسەت لەگەڵ دوو مامۆستای كچ و شەش كچە قوتابیدا ، چەند پرسیارێكی هەمەجۆرەی ئاراستەی هەریەكەیان كرد ، وەخۆشكاییش زۆر بەدڵ فراوانی و راستی خستنەرووەوە وە بەبێ گوڵماندنەوە وەڵامی پرسیارەكانیان داوەتەوە .. **كەدێتە سەر خوێندنەوەی وەڵامەكانیان ، بێگومان ئەو** راستیەتان بۆ دەرەكەوێت كە گڕی كوردایەتی لەشاری زێڕی

كوردە ، خەبات و تێكۆشانی بۆتە مایەی ناسراوی و ناودەر كردنی . تەمەنی رابووردووی زنجیرە هەوڵ وخەباتێكی بێ بچڕبوو ، ئەمڕۆش یەكێكە لە ئافرەتە كوردە پێشڕەوەكانی كەركوك كەجاكی خزمە تگوزاری بۆ كوردو كوردستانی لێكردووە بەلادا .

پ : لەچی یا پسۆری ؟

و : لە بایۆلۆجیدا .

ئامادە كردنی
هیواشوان
پەیام نێری هاوكاری
لەكەركوك

پ : چۆن ئەتوانن زیاتر خەباتی ئافرەتانی كوردستان گڕ بێكن ؟

و : ئافرەتی كورد هەمیشە گلپەیەكی گڕبووەو درێغیی نەكردووە هەردەم شان بەشانی براكانی لە خەباتابووە. ئەمڕۆش پێویستە هەموو ئافرەتانی كورد خەباتیان بەلێخەن ، واتە پێویستە هەموو ئافرەتێكی كورد بچێتە ریزی یەكێتیی ئافرەتانی كوردستان، چونكە نوێنەری راستەقینەی ئافرەتانی كوردە . هەروەهاش بۆ بەرزكردنەوەو وریا كردنەوەی ئافرەتانی كورد ئافرەتانی كورد پێویستە قوتابخانەو دەورانی رۆشن بیری بكرێنەوە لەدیهاتەكانی كوردستانا ، ئەبێ یەكێتیی

ئافرەتانی كوردستان لەم رووەوە داكاڵی و خۆی بكات بەدەم سیی ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ هەوڵ و تەقەلایەك نەدراوە لەم بارەیەوە جگە لە بەغدا نەبێت ، وەلێ پرسراوی راستەو خۆش یەكێتی ئافرەتانی كوردستانە .

پ : بەزۆری بەرهەمەكانی كام نووسەر وشاعیری كوردت بەدڵە ؟

و : دلدارو گۆران

پ : رات چیە لەبارەی تەلەفزیۆنی كەركووكەوە ؟

و : تەلەفزیۆنی كەركوك بەهیچ جۆرێك داخوازی كۆمەڵگەی كوردمانی نەهێناوەتە دی . هەروەكو بۆكورد نەبێ و لە كوردستانا نەبێت وایە .. وەئەمەش گلەیی هەموو كوردێكی كوردستانە. ئەبوایە بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئادار تائێستاكەی تەلەفزیۆنی كوردستان دروست ئەكرا

مامۆستاو قوتابیانی
ئامادەیی كچانی
كەركووك بۆ
هاوكاری
ئەدوێن

لە دانیشتوانی شاری هەولێر جگە لـــە پارێزگارو سەرۆکی دائیرەکان‌و تێکۆشەران کـاك عزیز عقراوی ئەندامی م · س، پ·د·ك· کاك رەشید عـارف ئەنـدامی ســـ ی پ·د·ك·

● عاشت الجمهورية العراقية جمهورية العرب والاكراد وعاش رئيسها المناضل احمد حســن البكر .
● عاش حزبنا الديمقراطي الكردستاني بقيادة المناضــل مصطفى البارزاني .
● دان نان بە حوکمی زاتی بۆ کوردستانی عیراق باشترین زامنە بۆپتەوکردنی یەکیـــەتی نیشتمانی لە عیراقدا .
● عاش البيشمرگه الابطال ضمانا لصيانه بيان ١١ آذار والجمهورية العراقية .
● بژی پارتی دیموکـــراتی کوردستان بەسەروکایـــەتی بارزانی .
● المجد والخلود لشــهداء كردستان وشهداء العراق كافة .

ئەندامانی لقی دووی هەولێر هاوبەشی ئاهەنگەکەیان کرد .
ئاهەنگی ناوبراو بەوەستـــان دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکـــی شەهیدانی کوردستان‌و عیراق · پاشان سرودی سلاو لە پارتی دیموکراتی کورد پێشکەش کرا داو بەدوای ئەو کاك عبدالوهاب ئەتروشی ووتارێکی بەزمانی عەرەبی خوێندەوە· ئینجا نۆرە هاتەسەر مامۆستا اسماعیل عمر سنجاری بە ناوی ی·م·ك وتارێکی پێشکەش کرد · پاشان چیرۆکی بڵێسەی شـــۆرش پێشکەش کرا · دوا بەدوای چەند گۆرانی‌و هەڵپەرکێی لـــە لایەن کچو کوران‌و یەکێتـــی ئافرەتـــانی کوردستـــان پێشکەش کرا · کاك کریـــم شـــارەزا هەڵبەستێـــکی جوانی پێشکەش کرد بـــەم

● لە سەر بەردی (ئاوێری) برایەتی کوردو عەرەب پیلانەکانی امپریالزمو صهیونیـــەت وردو خاش دەکرێت .
● لتضافر جهود كافـــة الاحزاب والقوى الوطنية من اجل تكوين جبهة وطنية تقدمية .
● بژی هاوکاری هـــەردوو پارتی ، پارتی بەعثی عـــەرەبی ئیشتراکی وە پارتی دیموکراتی کوردستان .
● عاش تحـــالف البعث والپارتي بقيادة المناضلين البكر والبارزاني .

بۆنەیەوە ·وە ئەم هونەرمەندانە بە شداریان کرد مامۆستـــا باکوری · خوشکە چیمن احمد کاوس‌و شێرزاد عبدالرحمن‌و کـاك عبداللە دلسوز · وە لـە دوایدا بە سرودی ئەی رەقیب ئاهەنگەکە کۆتای هـات .

مێکی سود بەخش‌و کاری گـەر نەئەگەیشت‌و لـــە کۆتاییدا شۆرشەکان لـە ناو ئەبردران‌و میللەتە هەژارەکەمان زیاتر توشی زەنجەرۆیی‌و دەربەدەری ئەهات وە هـــوێ سەرنەکــەوتنی شۆرشەکانیشمان ئەوە بوو کە پارتێـکی پێشڕەو وەك پارتی دیموکراتی کوردستان سـەرکردایەتی لـــەم شورشانەی نەئەکرد · بەڵام وانەبێ گـرو بڵێسەی ئـەم شورشانە بـە تەواوی دابمـرکایە و بەڵکەم هەمیشە لە گلپە کردن دا بوون تا بەرەبەیانی شورشی ١٤تموزی ١٩٥٨ کە لەلایەن هەندێ لـە ئیشتـــمان پەروەروو نەتەوە پەرستان بەرپا کــرا وە هەندێکیش لە روڵەکانی گـەلی کوردمان بێ بەش نەبوون لــە شەرەفی بەشداری ئەم شورشە هەر بۆیەش لەبەندی سـێـیەمی دەستوری کاتی ئەم سەردەمەدا اعتراف کرا بەوەی کە عەرەب‌و کورد هاوبەشن لە ئیشتـمانی عیراقدا وە سەرۆکی پارتیمـان کاك مصطفی بارزانی لەگـەڵ ئاوەڵەکانی لـە دەرەوەی وولات گەرانەوە بۆ خـاکی وولات وە اجازەی رەسمی بە پارتیمان درا کەچی هەندێ بێ‌ئەجوو کریم قاسم‌و هەندێك لـە ئاقمەکەی کەوتنە داوی دکتاتۆریەت‌و مـل هوڕی‌و وەکەوتنە پیلان دانـان لە دژی میللەتەکەمان وە لــە جیاتی ئەوەی کە بەڵێنەکە جێ بەجێ بـکەن وخوێندەواری و ئاوەدانی لـە کوردستانی خۆشەویستمان بڵاوبکەنــەوە کەوتنە خۆئامادە کردن بە هوی هەندێ لـە نۆکەرو گـونە پەرستانی کورد بۆ هێرش بردنە سەر ناوچەکانی بارزان کــە مەڵبەندی شورش گێـڕی نەتەوایەتیمان بوو وەلەلایـەکی تر خەریکی گرتن‌و را و نـانی عەقالانی دڵسوزی پارتیمان بون جـا بویە بە ناجاری روڵـە دڵسوزەکانی میللەتەکەمان بـە رابەرایەتی پارتی دیموکـراتی کوردستان‌و سەرکردایەتی کاك مصطفی بارزانی خۆیان کۆکردە وە بۆ بەرگری لە مان‌و قەوارەی میللەتەکەمان و لە ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ شورش لە کوردستـانی عیراق بەرپا بوو ئیتر هــەر جەنــــدە هێرشی دوڕندانەی چەکدارەکانی فەرمان رەوای ئەم سەردەمە زۆر بەتوندو تیـژی ئاراستەی شۆرشگێران ئەکـراو خاکی وولات بە ئاگرو ئاســن بەردومان ئەکرا بــەڵام روژ بەروژ بڵێسەی شۆرش زیـاتر بەرز ئەبووەو وورەی میللەتـەکەمان لە بەهێزی‌و قولێ دا بوو وە دروشمی کوردستان یــان نەمان لە سەر زاری پێشمەرگـە ئەبەزەکان بەرز ئەبووەو دایـکی بەجگە شیرانی کوردستان بەوەڵای لایەیان بۆکورپەکانیان ئەکـرد

وە بەپێتا بەپێتا پیرو لاوی خەڵکی کوردستـــان ڕوویان ئەکردە مەڵبەندەکانی جــەنگاوەرانی کوردستان وە بەرگری‌و جەنگانی شۆڕشگێران بە چەکی خـراپ‌و برسیەتی‌و رووتی وکەمـاسی ئەکرا بەرامبەر بــە هێرش‌و بەلاماردانی هێــزی چەکداری عیراق کە بە گەورەترین ژمارەو بە تازە ترین چەك هێرشـیان ئەهێنا بۆ ســەر بنکەکانی شۆڕشگێران بـەڵام بیروباوەری کوردایەتی‌و ئیمانیان بەراسـتی مەسەلەی میللەتەکەیان لــە هەموو چەکێکی بەلاماردەران بە هێزتربوو وە لەم شورشــەدا لەماوەی ئەم (١٠) ساڵەدا ئەوەی بەسەر میللەتەکەمان دا هاتووە لــە کوشتن‌و برین و تالان وسوتاندن لێــرەدا ناتوانین تۆزێك لە دەریای ئــەم کارەساتانە باس بکەین بــەڵام ئەوەی شایەنی باسە لــەم وەزعەی کە ئیستا دروست بوە پاش بەیانی ١١ی ئازار وانەبێ بە ئاسانی بەرهـــەم هێنرا بێ بەڵکەم بە خوێنی شەهید بـە فرمێسکی دایکی شەهید بەکولی هەژاران بـە سەرگـــەردانی پێشمەرگە قارەمانەکان بەکارەسات‌و دەربەدەری میللەتەکەمان دروست کراوە بۆیە نابێ رۆژێك لە رۆژان ئە کارەساتانە لە یاد بکەین بەڵکەم ئەبێ ئــەم کارەساتانە بکەین بـە رێ رەو بردی رێگا گرتنی ئەم سەردەمەی میللەتەکەمان واتە کە ئــەم رۆژانەی رەش یاد ئەکەینـەوە بۆ ئەوە نیە خوالەخواستا کەس هەبێ بیر لە شەڕو ناخۆشــی بکاتەوە بەڵام ئەگەر ئەم رۆژانە لە بیر بکرێت مانای ئەوەیە وەك پێویستە ناتوانین حوکمی زاتی لە کوردستان جێ‌بەجێ بکـەین وەپارێزگاری لێ بکەین چونکە ئەوەی لەی ناخۆشی نـەدیبێ قیمـــەت‌و نرخی خـۆشی‌و سەربەستی نازانێت · جا هەر بۆیە دەبێ هەموو لایەکمان بـە چاوێکی بە نرخ‌و سەنگینـەوە تەماشای بەشدارەکانی شۆڕش بکەین وە رێزو احترامی کەس‌و کاری شەهیدە نەمرەکـــانی کوردستان بکرێن ئـــەم شەهیدانەی کە بە خوێنی ئالیان رەگی داری ئازادی‌و رزگاریان ئاوداوە ·

هاوو وڵاتیانی تێکوشـــەرو خۆشەویست :

لەم ماوەی چەند ســـاڵەی شۆڕشدا سەرکردایەتی پارتی‌و شۆڕشەکەمان چەند جــار لەکەوتنە ووتو وێژ لەگـــەڵ کاربەدەستانی ئەم سەردەمانەی عیراق بۆ چارەسەر کــــردنی مەسەلەی گەلی کوردمان لــە کوردستانی عیراقدا بەڵام لــە بەر ئەوەی کـــە کاربەدەستەکان نیازیان پاك نەبووە ئەیانویست لە ماوەی وەستانی شەڕ خۆیان ئامادە بکەنەوە بۆ شەڕ وەپیلانی تۆزە دروست بکەن بۆ لە ناو بردنی شۆڕش بۆیە ئەم جۆرە ووتو وێژانە بێ سود لــەبوو وەبە فۆتاغێکی ســود بەخش‌و کاری گەر نەدەگەیشت لــە ئەنجامدا شەر دەستی پێ ئەکردەوە تاساڵی ١٩٦٩ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی باش گفتوگۆ کردنی نهێنی و ئاشکرا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتیمـان گەیشتنە ئەم رێکەوتنەی کە لە بەیان نامەکـــەی ١١ی ئازاری مێژوویی هاتوەو اعترافیـــکی تەواوی کردوە بە حوکمی زاتی بۆ کوردستانی عیراق‌وە بەیانەش پاش جێ‌بەجێ کردنی بـــەبێ کەم‌و کوری مەسەلەی میللەتەکەمان چارەسەر ئەکات‌و برایەتی نێوان کوردو عەرەب زۆر بــە موامرەی دوژمنـــانی ناوەوە دەرەوە لە سەری ووردو خاش هێز ئەبێت‌و هەموو پیـــلان‌و ئەبی وە عیراقی خۆشەویستمان لە هەموو رویکی زانیـــاری‌و تەندروستی پێش ئەکەوێت ·

لێرەدا ئەوەی شایەنی باسە لە ماوەی تێ‌پەربونی ساڵێـك بە سەر ئەم بەیان‌نامە هەندێك لە بەندەکانی جێ‌بەجێ کراوەو اداراتی محلی لە پارێزگـاری هەولێرو سلیمانی‌و دهۆك تـا رادەیەکی زۆر کەوتۆتە دەست میللەتەکەمان وە هەنگاوی‌تریش هاوێشتراوە لە رووی زانیاری‌و ئابوری‌و ئاوەدان کردنــەوەی کوردستان وە ئێمەش لە رێگای خۆمانەوە قیادە پارتیمان ئاگادار کردوە لە بارەی ئەم بێ کاریەی کە لە سنوری لقەکەمان هەیە وە داوای چەند پرۆژەو مشروعیك کراوە وە ئەم ساڵ بریار وایـە دەست بکرێت بە کردنــەوەی چەند مشروعێك وەك کارگـەی جگەرەو معلمی دەواجن‌و الیبان وە چـەند جادەیەکیش قیرتـاو بکرێت وەك جادەی مخموورو کۆیە وە لەساڵی رابوردوو لـە هەزار خانو زیاتر دروست کراوە بۆ خێزانی شەهیدان‌و ئەو برا جوتیارانەی کە لە کاتی شەڕدا خانوویان سوتاوە وەکە هەمیشە سوتەمەنی شۆڕش بوونـە وە هەروەها چەند قوتابخـــانەو تیمارخانە دروست کراوەو ئەم ساڵیش هەندێکی تر دروســت ئەکرێت وە بە کورتی ئەتوانین بڵێن لەم ماوەکەمەدا زۆر ئیشی باش کراوە· بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندێك لە بەندەکان تا ئێستا جێ‌بەجێ نەکراوەو لە هەنـدێ شوێنەکانی کوردســـتانیش ئیداراتی محلی نەدراوەتە دەست میللەتەکەمان بەڵام ئومێدمـــان بەکجار زۆرە کە بە هاوکـاری هەردوو حزبی پێشڕەوو حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی‌وپارتی دیموکراتی کوردستان کە بــە ماوەیەکی کەم بتواندرێت باشی ماوەی بەندەکانی تریش جێ‌بەجێ بکرێت · وە ئەبێ هــەموو

بروانـە : ل ٧

● خاتو جوان نامق

مامۆستـا « جوان نامق » شارەزاییەکی باشــی هەیە لەزمانی کوردیدا .هەموو کاتێکی بۆ خزمەتگوزاری گەلی کورد تەرخان کردووە ·· زۆر ئەدەب دۆستەو دەستێکی باڵاشــی هەیە لەنووسینا .

پ : لە چیدا پسپۆری ؟
و : لە زمانی کوردیدا .
پ : ئارەزووت ؟
و : خوێندنەوەی کتێبی هەمە جەشنە .

پ : مامۆستا رات چییە لەبارەی ووتنەوەی زمانی کوردییەوە.وە ئەو گیروگرفتانە چییە کەتائێستا وانەی زمانی کوردی جێی خۆی نەگرتووبێ لە کەرکووکدا ؟

و : من کە مامۆستای زمانی کوردیم ، لەپۆلی شەشــەما وانەی کوردی ئەڵێمەوە ·· ئەو پرۆگرامە کوردییەی کە بـۆ پۆلی شەشەم دیاری کراوە ·· تەنیا نزیبوونی سەرەتایە لەزمانی کوردیدا بەتایبەتــی بەنسبەتی قوتابیانی جگە لـــە کورد ئارادەیێك سوود بەخش‌و گونجاوە · بەڵام من وای بەباش ئەزانم کە ئەم پرۆگرامەلە پۆلەکانی پێشترەوە دەستی پێبکات واتە لەپۆلی چوارەم‌و پێنجەما · بەڵام لەبارەی گیرو گرفتـــەوە · زۆرە ·· وەك نەبوونی کتێـــب ونووسراوی کوردی لە کتێبخانەکـــانی قوتابخانەکاندا ·· بێ‌گومان کتێب هۆیەکی گرنـــگی روون کردنەوەیە ·· هەروەها کەمی حیسەی کوردی ·· کـــە لـە هەفتەی دوو وانـــە زیاتر ناخوێندری لـــە سەرەتایـــی وناوەندی‌و ئامادەیی · ئەبوایەبە لایەنی کەمەوە هەفتەی چـــوار حیسەی زمانی کـــوردی ببوایە .

پ : مامۆستا بەزۆری مەیلت بەلای بەرهەمی کام بوتژەوەیە؟

و : بەرهەمی هەموو شاعیرو نووسەرانی کوردمان ئەخوێنمەوە بەڵام بەتایبەتی ماوەیتی

تەلەفزیونی کەرکووك خزمەتی دانیشتوانی کوردستـــانی بکردایە ·· بەڵام مەگەر هـــەر بڵێین ، ئەم ئاڵە بەو رۆژنە ..

پ : مامۆستا لەسەرنیوەیی قوتابخانەکەتان کـــوردن ، جاچۆنەکە کچە قوتابیـیە کوردەکانتان جیا نەکردۆتەوە ؟

و : بەڵی وایە ، بەڵام تـازە جیامان کردووەتەوە کەبـــەم جۆرەیە لەپۆلی چوارا لقـێ قوتابی کوردمان هەیە وەلـــە پۆلی پێنجەمدا سێ لقـــان هەیە وەلە پۆلی شەشەمدا لقی قوتابی کوردمان هەیە · وەئـەم جیا کردنەوە ئەبێت بـە تەوات بۆ دامەزراندنی قوتابخـانەی ئامادەیی کوردستان ـ کچـان لەکەرکووك کەنیاز وایە لەساڵی داهاتووە لەم قوتابخانەیـــە دابڕێن‌و ئەو ناوە هەڵگرین .. وە لەرۆژی شەممـــەوە ٦ـ٣ـ١٩٧١ جیایان لەکەینەوە ..وەمن دانراوم لە لێپرسراوی بەشی کوردی وبارێدەدەری قوتابخانەکەی ناوبراو .

شاری ٩ ی حوزەیران لە ١١ ی ئاذاردا .

دوای دە ســـاڵ خەبات‌و تێکوشانی بێ‌ووچانی نـەتەوەکەمان لە پێناوی مافە رەواکانیاو دوای هەزاران قوربانی لە بە جەرگ‌ترین رۆڵەکانی ئــەم نەتەوە هەرگیز نەبەزە · ١١ی ئاذاری ساڵی ١٩٧٠ هاتەکایەوە ··· کە پەیمانی دوایی هێنانی شەڕو خوێن‌و فرمێســـك وەسەرەتای رۆژێکی رووناکتر لــە ئاســـۆی نەتەوەی قارەمانمان دەرخست .

جا بەبۆنەی یەرەوەری ساڵێك تێپەر بوون بەسەر ئەم ڕۆژە پیرۆزەدا گەلی عیراق بەگشتی وە گەلی کوردمان بە تایبەتی بەدڵێکی شادەوە بەهیوای دوا ڕۆژ یـکی باشتر کەوتە ئاهەنگ‌و بەزم گێران ·· وە لەم ریپۆرتاژەدا باسی ئەو ئاهەنگە ئەکەین کە لە شاری سلێمانی بەم بۆنە پیرۆزەوە گێرا .

هەموو ناوچەیەك بـەرەبەری قەشــــەنگیـەوە رازابووەوە · شەقامەکان وبازارەکـــان وە هەتاکو بەردەرگای ماڵەکان بـە کاغەزی رەنگاو رەنگ‌و وێنەی ســـەرۆك بارزانی‌و جۆرەهـا دروشمی تایبەت بەم بۆنەیەوە هەڵواسرابوو · وە چەن تاقێکی گەورە دروست کــــرابوو ، لەلایەن کارگــــەی چیمەنتۆو جگەرەو میریەوە ·

وە نوێنەرانی دانشگای بەغدا ·· موسل ·· بەصـــرە · وە هەروەها لە شارەکانی دیالــە ·· کەرکوك ·· میســـان ·· کوت وەهی‌تر روویان کردبووە شارە ئازدارەکەی سلیمانی ·

ئەو شەوە تا درەنگ لــە هەموو لایەك ئاهەنگ‌و بەزم‌و هەڵپەرکێی رەش بەڵەك گێرا خەڵکی بەسەر ئۆتۆمبیلـــەوە بەناو شاردا لەســـووڕانەوە هاواریان ئەکرد بەژیانی ئاقە سەرۆك‌و پارتی دیموکــراتی کوردستان ·

بۆ بەیانی هەر لەگـــەڵ دەرکەوتنی گـــزنگی بەیاندا مژدەی خۆشـی‌و کامـەرانی‌و ئازادی بە ناوشارەکەدا بـڵاو کردەوە · وە خەڵکی بەگشتی جل‌و بەرگی کوردی نۆیان‌کۆری بوو بەرەو کۆرەپانی سـەرا ئیجکەیان ئەکرد کە ئەگەیشتن بەیەکتر زۆر بەگەرمیـــەوە پیرۆزباییان لەیەکتر ئەکـرد وە پەیمانیان تازە ئەکـــردەوە بۆ تێکوشان‌و هێنانەدی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی خۆشەویست · شوێنیکی تایبەتی ئامادە کــرابوو بۆ لێپرسراوانی شارەکەو میوانە بەرێزەکان وە جەماهیرێکی زۆر لە دانیشتوان کۆببوونەوە هەتاوەکـــو سەربانی ئوتیل‌و کۆشکەکانیش وەکو گـــەڵای دار خەڵقی بەسەرەوەبوو .

لە کات ژمێری ١٠ ی سەر لەبەیانی کاروانی خۆپیشان دان کەوتە رێ بە شێوەیەکی زۆر لەسەر خۆورێك وپێك بـــەم جۆرەی خوارەوە ..

● **پارتـــی دیموکراتـــی کوردستان :**
وە لەپێشەوە وێنەی سەرەک بارزانی‌و بەکر بەرزکرابووەوە· وە بە دروشمی هەمە رەنـــگە هاواریان ئەکرد

● **یەکێتـــی مامۆستایانی دیموکراتی کوردستان :**

● **کۆمـــەڵی حقوقیـــە عراقیەکان :**
وە لە پێشەوە جەنـــد خوشکێکی عەرەب ئەرۆیشتن وە دروشمیکیان هەڵ گرتبوو وەهاواریان ئەکـــرد بژی هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان‌و پارتی بەعسی سۆسیالیست بەسەرۆکایەتی بەکرو بەرزانی .

● **قوتابیانی دانیشـــگای سلیمانی :**
بەگشتی قوتابیانی هەموو کولیەکان بەشداری ئـــەم خۆپیشاندانەیان کـــرد زۆر بەگەرمی‌و بەرۆشـــەوە · وە بەتایبەتی کەژاوەیەکیـــان دروست کردبوو لەســـەر ئوتومبیلێك بەشێوەیەکی دڵ رفێن ورازاوە ·

● **ئیش کەرەکانی بەرێوە بەرایەتی تەندروستی :**
وە بەگشتی لـــە خوشکان‌و برایان هاواریان ئەکرد بـــژی سەرۆك بەکرو بەرزانـــی ·· بژی یـادی ١١ی ئازاری پیرۆز وە کەژاوەیەکیان دروســـت کـــردبوو لـە شـــێوەی نەخۆشخانەدا ·

● **یەکێتـــی ئافرەتانـــی دیموکراتی کوردستان :**
زۆر بەگەرمیەوە هاواریـــان ئەکرد بژی برایەتی کـــوردو عەرەب بژی پارتی دیموکراتی کوردستان وە هەموو بەبەرگـــی کوردی یەوەبوون ·

● **کرێکارانی کارگـــەی جگەرە**
کەژاوەیەکیان دروســـت کردبوو لە سەر چۆنیەتـــی دروست کردنی جگەرەو جۆری ئیش‌کردن وە جەند خوشکو برایەك بە سەر کەژاوەکە بوون وە دروشمێك نووسرابوو··بژی یـــادی یەرەوەری یەکەمی ١١ی ئازاری پیرۆز .

● **نەقابەی کرێـــکاران‌و جوتیاران :**
جەماوەرێـــکی زۆر لـــە جوتیـــاران‌و رەنجـدەران‌و کرێکاران هاواریان ئەکـــرد نەمری بۆ شەهیدانی رێگـــای رزگاری کوردو کوردستان .

● **یەکێتی قوتابیـــانی کوردستان :**
جەند دروشمیکی ئایابیـــان هەڵگرتبوو وە گۆرانی بـــە پەرۆشیان ئەوت بە دەنگـــە زولالەکەیان .

● **کرێکارانی کارگـــەی چیمەنتۆی سەرچنار :**
ئەم کرێکارانە هەموویـــان بە جلی کارەوە هاواریان ئەکرد سەرکەوتن بۆ گەلی کـــوردو سەرشۆری بۆ دوژمنـــانی نەتەوەکەمان ·

● **لاوانـــی دیموکـــراتی کوردستان :**
وە لە پێشەوە کوڕێـــك‌و کچێك بە جـــل کوردیەوە وێنەی کاوەی سەدەی بیستەمیان بەرزکردبووەوە .

● **بەرێوە بەرایەتی پەروەردەو زانیاری :**

● **قوتابیانی ئامادەیی‌و ناوەندی‌و ئیشی‌ناومال :**
لە پێشەوە خوشـــکانی قوتابی بە بەرگی کوردی‌یەوە زۆر بە گەرمی هاواریـــان ئەکرد با ١١ی ئازار ببێت بـــە بەردی بناغە بۆ رزگـــاری کوردستانی گـــەورە ·· وە هەروەها قوتابیانی کـــوران جۆرەها دروشمیان بەم بۆنەیەوە بەرزکردبووەوە ، وە گۆرانـــی پێشمەرگەیان بە هەڵەتیـــان ئەوت .

● **قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوران :**
وە هەموو بە بەرگـــی دیمەوانیەوە ، وە هەندێکیان خەنجەریان بەرزکردبووەوە کە نیشانەی نەتەوەی کـــوردە وە هاواریان ئەکرد بەرزان بەرزان بەرزانی بەراستی پاڵەوانـــی· وە لەو قوتابخانە بـــەرزان ·· پێشکەوتـــن · بێخـــود ·· سەلاحەدین · بێکـــەس · پیرەمێرد · نەورۆز · گۆران · شێخ مەحمود ·

دوا بەدوای ئەوان قوتابیانی کچان ئەوانە قوتابخانەی · تریفە · بڵێسە · ئازادی · کوردستان · خەبات · ژیـــان کەلاوێژ ·

● **قوتابیانی پیشەسازی‌و دانیشتوانی هەمووگەرەکەکان**
وە لەمانە زۆر بە پەرۆشەوە بە شداری ئەم خۆپیشاندانــە مەزنەیان ئەکـــرد بە دڵو دەروونێـــکی پڕ لە خۆشی‌و

گەرمی لە میوانە خۆشەویستەکان کردو پیرۆزبایی لە دانیشتوانی مەڵبەندی بابان بەبۆنـــەی یەرەوەری یەکەم ساڵی بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویەوە ·

بەرنامەکە لە سەر لـــەم خاڵانەی خوارەوە بـــەردەوام بوو ·

١ ـ دەقیقەیەك وەستـــان‌و بێ‌دەنگی بۆ گیانی پاکـــی شەهیدانی رێگای رزگـــاری کوردستان ·

٢ ـ سلاوی کۆماری لـــە لایەن تیپـــی موسیـــقای عەسکەریەوە ·

٣ ـ ووتاری پارێزگـــاری سلیمانی لە لایەن بەرێز کـاك (علی عبداللە)ەوە خوێندرایەوە وە پیرۆزبایی یـــادی ١١ی ئازاری کرد لە جەماوەرانـــی شارەکە وە ووتی لە مـــاوەی ساڵی رابووروودا میری گـــەلی هەنگاوی بەرزی ناوە بـــۆ یەکێتی‌و برایەتی‌و ئاسایش لە وولاتا وە بەیانی ١١ی ئـــازار گەورە ترین گیرو گرفتی لـــە عیراقی خۆشەویستا چارەسەر کرد بەپارێکی ئاســـایی وە پەردەی شەری برا کـــوژی دە ساڵەی لا برد ·

٤ ـ ووتاری فەرمانبـــەری تیبی پێنج لە لایەن کاك (طالب محمد کاظم) خوێندرایـــەوە .

٥ ـ ووتاری لقی چـــواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کاك (عبدالقادر جباری) خوێندرایەوە ·

٦ ـ ووتاری کۆمەڵی بەعسی عەرەبی سوشیالیســـت لـــە دانیشگای سلیمانی لە لایەنـــی کـــاك (ایمـــن نعیمی) خوێندرایەوە ·

٧ ـ ووتاری رێکخـــراوە دیموکراتیەکانی کوردستان لە لایەن بەرێـــز (مرزا صـــدیق) خوێندرایەوە ·

٨ ـ ووتاری بەرەی گـــەلی رزگاری فەلەستین لە لایـــەن (حسین محمد) خوێندرایەوە.

٩ ـ ووتاری کۆمەڵی حقوقیە عراقیەکان لە لایـــەن (عبداللە جبوری) خوێندرایەوە ·

١٠ـ ووتاری یەکێتـــی نەقابەکانی کوردستان لە لایەن کاك (رشـــید عارف)ەوە

بروانـــە : ل ٧

دوو وشەی کورت لە نێوان

حاجی مەلا عەبدوڵلای بێتووشی و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا

محمدی مەلا کریم

لەم چەندانەدا ئافرەتانی کوردستان لە سلێمانی ،وتارێکیان لە (ژین)ی خۆشەویستدا بڵاو کردەوە لەبارەی کەشکۆڵەکەی حاجی مەلا عەبدوڵلای بێتووشی‌یەوە کە ناوی (چەپکەگوڵ)ی بەسەرا بریوە · وتەیەکی تیابوو حەزم کرد نەیێڵم هەروا تێپەڕ بێ · چونکە لاموایە قسەی ڕاستی‌یە لە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە دەرچێ و ،

بێچەوانەی ئەو بیرو باوەڕانەیە کە ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە هەوڵیان بۆ ئەدا ·· وتەکەیش ئەوەیە یەکێتیی هاتووە ئاکۆکی‌ی وتارو کرداری مامۆستای بێتووشی‌ی بەوەدا دەرخستووە کە لە کتێبەکەیا داوا ئەکا ڕێگای خوێندنی ئافرەت ئەدرێ و ئەهێڵرێ لە ماڵ دەرچێ ، کەچی لەولاوە کچەکەی خۆی لە دەورەی برین پێچی‌دا ئەخوێنێ و لە شانۆیی (شایی خوێناوی)دا دەور ئەبینێ ·

ئەوە بڵێین مامۆستا بە عەقڵی ئەم چەرخە بیر ناکاتەوەو ئەیەوێ بیروباوەڕی دەوری دەرەبەگی بەسەر ئەمڕۆدا بسەپێنێ و بڵێ ئافرەت ئەقڵی ناتەواوەو ئاینی ناتەواوەو دوانیان قسەیان بە قسەی یەک پیاو ئەخواو ، هەزار جۆرە فەرموودەی کۆنی‌ترمان بۆ زیندوو بکاتەوە ، لە چەرخی فالەنتینا تریشکۆڤاو ئەنجیلا دیفیزدا بەسەر ئافرەتی شۆڕشگێری کوردستانیانا بسەپێنێ ، ئەی یەکێتیی ئافرەتان بۆچی هیچ لەو (قانوونە مەوضووعییانە) ئازانێ کە جیهانیان پێ بەڕێوە ئەچێ و مامۆستایشیان لێ دەرباز نابێ ، هەرچەند پەنا بەرێتە بەر کتێبی کۆن و بیرو باوەڕی هەزاران ساڵ لەمەوبەر ·

یەکێتیی ئافرەتان ئەبوو بیزانیایە مامۆستا هەرچەند باسی بیرو باوەڕی کۆن بکا، ئەبێ هەر بەرهەمی نوێ و بیرو باوەڕی نوێ جڵەوی ژیانی بۆ ڕابکێشێ ·· هەرچەند باسی کەڵکی دوعا نووسین و چوونە سەر شێخ و موشایخ بکا، ئەبێ کە خۆی نەخۆش کەوت پەنا بەرێتە بەر دوکتۆرو نەخۆشخانە ·· هەرچەند باسی خێری بە حوشتر چوون بۆ حەج بکا ، ئەبێ هەر بە ئۆتۆمۆبیل یا بە فڕۆکە بڕوا بۆ حەج ·· هەرچەند باسی نەخوێندەواری و لە ماڵەوە دانیشتنی ئافرەت بکا ، ئەبێ مل دانەوێنێ بۆ خواستی بەجێی کچەکەی و بیخاتە قوتابخانە ·· هەرچەند باسی چاکی‌ی خوێندنی حوجرە بکا، ئەبێ کوڕەکەی ئەبێ بە مەلا ·· ··· تاد ·

هیچ بەجێ نەبوو یەکێتیی ئافرەتان هانی مامۆستا بدا لە کچەکەی ،تا هەر کە وتارەکەی ژینی خوێندەوە بکەڕێتەوە بۆ ماڵ و دەس بداتە کوتەکێک بۆ گیانی کچەکەی کام لای دێشێ بیکوتێ کەوا بۆچی لە قوتابخانەی برین‌پێچی ئەخوێنێ و بۆچی دەوری پالەوانی ئەبینێ؛ ئەمە بە بیری من ئاو بەردانە بۆ ئاشی کۆنەپەرستی و ، ئەبوو یەکێتیی ئافرەتان لەجیاتیی ئەوە شانازیی بەو کچە مەلا کوردەوە بکردایە کە ئەوەندە شۆڕشگێڕو ئازایە گوێ بە قسەو قەڕۆکی کۆمەڵی دواکەوتوو نادا ، ئاوونی کۆنەپەرستان کاری لێ ناکا ، ئەبێ بە پالەوانی شانۆیی و ، بە کردەوە هەندێک لە ئامانجەکانی یەکێتیی دێنێتەدی ·· من لاموایە ئەم خوشکە خۆشەویستە نموونەی ئافرەتی سەربەرزی کوردە ،ئەو ئافرەتەی کە ئەرکی دانانی باشەڕۆژی ژیانی کوردستانی لە ئەستۆ گرتووە ·

دەسا ، توخوا ، با هەموو لایەکمان سەری قەدرزانین و ڕێز لێ‌گرتن دانەوێنین بۆ فەرمانی (مێژوو) کە دوو هەزار قسەی کۆن بەم گوێ‌یدا دێتو لەو گوێیەوە ئەڕواو ، کەس توانای ئەوەی نی‌یە ڕێی لێ بگرێ ·

لە جەژنی نەورۆزدا ئەبێ چی بکەین؟

انور محمود

نەورۆزی ئێمان پیرۆزبێ بەخۆشی و کامەرانی ئەمڕۆ جەژنی کوردانە لە هەموو ناوچەیەک گراوە بە سەیران ئەو جەژنەیە کە بەرگی سپی چیاکان ئەگۆڕێ و سروشت بە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ دەشتوچیا ئەڕازێنێتەوە وەک بەلکە زێڕین بولبول و مەلەکانیش بەدەنگە سۆزە خۆشەکانیان ئەچریکێنن ئەڵێن ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە ··

بەڵێ نەورۆز جەژنی ڕاستەقینەی کوردە ، ئەو کوردەی هەزاران ساڵە شێرانە لە کاروانی خەبات و تێکۆشان کەم تەرخەمی نەکردووە · بۆ سەندنی ئازادی و سەربەستی و ڕزگاری وڵات هەزاران ساڵ لەمەوبەر کاوەی ئاسنگەر لەم ڕۆژەدا سەری زۆرداری پان کردەوە ·· ئەو ڕۆژە کرا بە جەژن ·

پێویست بەوە ناکات لەوە زیاتر سەرتان بێشێنم چونکە کەس نی‌یە نەزانێ نەورۆز چی‌یەو چۆن هاتۆتە مەیدانەوە بەڵام زۆر کەس نازانێ کە لە جەژنی نەورۆزدا ئەبێ چی بکەین وە پێویستی سەرشانمان چی‌یە ··

ئێمەی نەتەوەی کوردی قارەمان توانیومانە لە ناخۆشترین وزۆردارترین ساڵا یادی نەورۆز بکەینەوە ئەویش بە کردنەوەی ئاگر لە هەموو لایەکی کوردستانا وە خوێندنەوەی وتارو گۆرانی ئاهەنگ و گۆڕی خۆشی و بەزم ·

بەڵام پێویستە لەگەڵ گرنگی بەرەبەیانی نەورۆزدا هەموو کامەران و شادبین ·· وە چەپکە گوڵی خۆشەویستی و لێبووردن و بەزەیی پێشکەش بە یەکتر بکەین ·· ئەوەی دڵێ شکاندووین ئاشتی بکەینەوە · ئەوەی زیانمان پێ‌گەیاندوە تۆڵەی بۆ بکەینەوە · پەیمان لەگەڵ یەکتر نوێ بکەینەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی خۆشەویستی لە ناوماندا تۆو بچەنێ · چونکە ئەم کردەوەیە ئەبێتە هۆی یەک گرتنمان وە بەهۆی ئەم یەک گرتنەوە ئەتوانین بەسەر هەموو گیرو گرفتەکانی ژیاندا زاڵ‌بین وە کاروانی شارستانییەت و ژیانمان بەرەوپێشەوە بەرین ·

لەم ڕۆژەدا پێویستە لایەک لە هەژاران بکەینەوە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین چونکە ·

کاوەی قارەمانمان بە یارمەتی شۆڕشگێرەکانی نەتەوەکەمان لەم ڕۆژەدا توانی کورد ڕزگار بکات لە زۆرداری و ژێر دەستی جا با ئێمەش لەم ڕۆژە پیرۆزەدا چاکی مەردانە بکەین بەلادا و بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتی ناو کۆمەڵەکەمان لە بارەی نەخوێندەواری و هەژاری ·· نەخۆشییەوە · ئەمەش بەوەی لەم‌ڕۆژە پیرۆزەدا پارەکۆبکەینەوە بە هاوکاری هەموو لایەک بۆ کرینی‌چاپخانەیەک یان‌کردنەوەی قوتابخانەو شەقام و خەستەخانە

وە زۆر شتی تر ···

ووانە لە جەژنی نەورۆزدا ئەبێ شان بە شانی سەیران وئاهەنگ و ئاگر کردنەوە ئەم کردەوانە پشت گوێ نەخەین بۆ ئەوەی هەر نەورۆزە کوردستان هەنگاوێکی تر بنێ بۆ پێشکەوتن و شارستانیەتی نەتەوەکەمان ·

ئەی نەوەی کاوەی قارەمان · ئەی ڕۆڵەکانی ـ قازی محمد ـ شێخ محمود ·· ئەی خوشکانی ـ ئەختەر ·· قەدەم خێر ·· ئەی نەوەی نەبەزی شۆڕشی ·· دەرسیم ·· مەهاباد ·· بەرزان جەژنی نەورۆزی ئەمساڵتان پیرۆزبێت بە خۆشی و شادی پاش بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە سایەی بەیانی ١١ی ئازاری پیرۆزەوە

فەرهەنگی نەورۆز

خانی :

ڕۆژا کو دبوویە عیدا نەوروز
تەعظیمی ژبو دما دل ئەمروز

مەولەوی :

نیشانەی نەورۆز وادەی بەهارە
نەشئەی هاتنی نامەی نیگارە

پیرەمێرد :

ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە‌نەورۆز هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی‌و بەهاتەوە

شیخ نوری شیخ صالح :

ئاگری نەورۆز بەشایلەیەو بەرێ ئاگرێتەوە
زوو بپێتە خولەمێش و تینی دابمرێتەوە
ئاگری نەورۆز بەگیان‌ودڵ ئەبێ واخوش‌کرێ
گەر بەخوێ دیجلەو فوراتی بێتەسەر نەکوژێتەوە

گۆران :

بەسوورێکی تر ئەستێرەی‌ئینسان گر
قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر
کام‌قەومی کۆن ؟ کام جەژنی بەرزو پیرۆز
قەومی مادی ، جەژنی بڵندی نەوروز

علی باپیر ئاغا :

ڕۆژی نەوروزە کە دنیا پڕ لە سازو سۆز ئەکا
نێرگزو لالەو وەنەوشەڕووی زەوی پیرۆز ئەکا

جلال میرزا کریم :

ئەی نەوروزو بەهاری نوێ
ووشەی گەشمان لە ئێوە ئەوێ
نان بۆ برسی ، بەهار بۆ شار
ئازادیمان لە ئێوە ئەوێ !

س·غ·غەمبار :

ئەیان ووت لەچێ‌ی جاری‌هەزار جار
لێتان پیرۆز بێ نەورۆزی ئازدار

کامەران :

نەورۆز گوڵاڵەی ئایەسەر پەرچەم
نێرگزی پشتە گەنارچەم

دیلان :

با نەورۆزو بەهاری‌کورد
پێ‌گەیێنین بەدەستوبورد

عوسمان شارباژێری :

یەکەم ڕۆژی بەهارە ، جەژنە ، جەژنی نەورۆزە
ڕۆڵەی کورد بەدڵشادی ،لێت بێ جەژنە پیرۆزە

خورشیدە بابان :

نەورۆز بەخێربێ‌ی ئەی‌جەژنی پیرۆز
هەر چەندە دەروون غەمبارەو ئالۆز

جمال شارباژێری :

هەر ئەو خۆشەویستی‌وسۆزە
مەشخەڵی ڕۆژی نەورۆزە

دلدار :

گوڵی سوور ئەی کچی‌نەورۆز
ئەڕێ کام دەست لەباخی‌ژینا
لەبۆ یەک دەفعە بۆن‌کردن
بەناکامی ئەتۆی‌هێنا

شێرکۆ بێکەس :

کاوەی سەردەستەی چەوساوەی مێژووم
ئەوبانگە کەدای لە لووتکەی بەرزا
بۆ ئەوەی کوردی ئەمڕۆوداهاتووم
دەنگ ئەداتەوە لەگەڵ‌نەورۆزا

مەدهۆش :

ئاگری نەورۆز بەداروچیلکە بالەگرێتەوە
بالەناو جەرگەی دڵ‌گەنجاگری ئەرزێتەوە

تافگەی ووشە

سبەینێ نەورۆزە

لەسەر لوتکەی هەر یەکێک لە چیا گەردن کەشەکانی کوردستان · ئاگرێک ئەکرێتەوە لەسەربانی هەر ماڵێک ئاگرێک ئەکرێتەوە ، لەدڵی هەموو کوردێکا بڵێسەی ئاگرێکی نوێ هەڵ‌ئەستێ

لە نەورۆزی ئەمساڵیشا بۆ ئەچێینە بەهارێکی نوێ و ساڵێکی نوێ‌وە · لە نەورۆزی پارەوە تائێستە ، هەر چوار وەرزی ساڵمان بەسەر برد بەسەرماو گەرمایەوە ، بە سەرکەوتن و ژێرکەوتنیەوە · ساڵێکی پڕ لە هیوای ئاکام و ئاواتی بەدی نەهاتوو ، پڕ لەقسەی زۆر و دەسکەوتی کەم پڕ لەدەنگی چەپلە و سەدای کۆتایی نەهاتووی ئاهەنگ و شایی ·

ساڵێک کەتیایا،وەکو هەموو ساڵەکانی تری ژیانی ئەم خەڵکە ، هەمان دابەش کردن! دەستی ماندوو لەسەر سکی برسی و دەستی ئیش نەکەر لەسەر سکی تێر ، هەر کردەی خەڵک و بردەی تاقمێک ·

ساڵێک لەدوای نەورۆزی پار ··

هیجان بێ ئەبڕا · لە ئاهەنگەکانی زیاتر · لەبڵێسەی ئاگرەکەی زیاتر ، لە وشە ڕازاوەکان زیاتر ·· کە بە موناسەبەتەوە ئەوتراو ئەنووسرا ·

دەبا نەورۆزی ئەمساڵ ، دەست پێ‌کردنی ساڵێکی بەڕاستی نوێ بێت · ساڵێک کەتیایا خەڵکی هەندێک گۆڕان لە ژیانی خۆیان ببینێ · گۆڕان بەرەو پێشەوە··بەرەو ژیانێکی نوێ کەتیایا چەوساندنەوە لەسەر شانیان ئەمێنێ و خاوەنی بەری ڕەنجی خۆیان بن ·

دەبا ··· لە پێناوی ئەو ڕۆژە نوێ‌یەدا ، کە ئاواتی دێرینی کۆمەڵانی چەوساوەی خەڵکە ·· هەر لە یەکەم نەورۆزەوە :

باجەژنی ئەمساڵمان هاندەری بەهێز کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە بێت ، پاڵ پێوەنەری ئەوژمێکی نوێ بێت لە بزووتنەوەی خەڵکا ·· لە کاروانی بەرەو پێش‌چوونی خەباتی سەختیانا ·· بەرەو نەورۆزی ڕاستەقینە ·

« ف »

نەورۆز و ڕۆژی نوێ

عارف کریم

نەورۆز هەر وەکو جەژنێکی‌دێرین‌و مێژوویی نەتەوەی کوردە ،جەژنی ڕزگار بوونیشە‌لە سەرماوسۆڵەی زستان، ئەستێرە گەشە پرشنگدارەهەڵاتووەکەی بەرەبەیانی‌ئاسمانی کوردستان کە هەموو ساڵێک لەم مانگەدا بەسەرکەژو چیا بەرزەکانی نیشتمانەوە‌لەگەڵ ڕەنگی سووری شەفەق‌دا لە ئاسۆیەکی بڵندەوە‌بە شێوەی بووکێکی ڕازاوەخۆی نیشان ئەداو موژدەی ڕۆژێکی نوێ ئەداتە گشت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،ڕۆژی لە دایک‌بوونی وەرزێکی نوێی ساڵ کە شۆڕشێک لە سروشتا بەرپا ئەبێ ، هەردو دۆڵ و چیاکان بە بەرگێکی ئاڵاو واڵاو ڕەنگین خۆیان ئەپۆشن ، لە گەڵیا پاڵ بە وەرزی زستانی ئەڕژۆکەوە ئەلێن کە دەمێک‌بوو چۆکی دادابوو بە سەریاناو جووڵەی خۆی بڕی‌بوو ، ئەم گۆڕانەی سروشت بە خۆیەوە ئەیبینی تەنها لە ماڵاوایی زستانا خۆی نانوێنێ کە لە بە هاری ئەکا، ئەم گۆڕانە ئادەمیزادو ئاژەڵ و باڵندەکانیش ـ ئەگرێتەوە کە دەمێک‌بوو خۆیان ئامادەکردبوو بۆ پێشوازی کردنی بەهاری نوێی تەڕپۆش ·· لەلایەک هاژە هاژی ئاڤگەو قەڵبەزی چیاکان تێکەڵ بە قاسپە قاسپی کەوی قەدپاڵەکان و جریوە جریوی مەلی ئاسمان و بولبولی گوێ چەم و ناو باخچەکان، ئینجا بارەو بۆعەی مەڕو بزنی کەنار شاخ و دۆڵەکان ، کە دەشت و کێو ئەلەرزێننەوە و بە تیکرایی ئاوازێکی ئیجگار کاریگەر لە ئاسمانی بێ‌گەردو ڕووناکا دروست ئەکەن ·· خۆ ئارام نەگرتنی خەڵکی شارو گوندەکانیش لەولاوە بوەستێ کە پۆل‌پۆل و دەستە دەست ڕوو ئەکەنە سەیرانگاکان بۆ ئەوەی لەگەڵ شەماڵی بەهارو چاوی تێرو مەستی نێرگز و گوڵاڵەو تیشکی ژیوینی وەرزی نوێدا خۆشترین و بەختیارترین کات بەسەر بەرن بە گیرانی ئاهەنگ و زەماوەنی خۆیان ·

نەورۆز ئاوازێکی ئەمڕۆ بەسوزی کوردە · ساڵەهای ساڵە لەناو چیاکانی کوردستانا دەنگ ئەداتەوەو بە بیستنی گیانێکی نوێ ئەکاتەوە بە بیری کۆمەڵانی خەڵکیاو جۆرێک لە جۆش و خرۆش ئەخاتە دڵیانەوە، هەر ئەو ئاوازە دێرین و مێژوویی‌یە وریامان ئەکاتەوەو یادمان ئەخاتەوە کە چەن هەزار ساڵێک لەمەوبەر باوو باپیرمان توانیویانە بە زەبری زنجیرەی تێکۆشانی ئەبساوی بەیەک بەستراویان کۆشک و تەلاری ستەمکاری ئەژدەهاکیکی جانەوەرو خوێنمژو زوردار لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنن و ئیتر ماوە نەدەن جارێکیتر ئەو دەستەو تاقمە جەپەڵە باڵی ڕەشی خۆیان بکێشن بە سەریانا·· لێرەوە قارەمانیتی و شۆڕشگێڕیتی لە شۆڕشی پیرۆزی نەورۆزا خۆی نیشان ئەدا ، چونکە هەر قارەمانیتی و شورشگێڕیتی‌یە کە ئەم ڕۆژە پیرۆزەی پێکهێناوەو بۆتە جەژنێکی نەتەوایەتی ، ئەویش دوای ڕاپەڕینە دلێرانەکەی هەژارو ئاسنگەری کورد (کاوە)ی قارەمان کە توانی شان بە شانی ڕەش و ڕووتەکانی ئەو سەردەمە وە بە هاوکاری ئەوان هەڵمەتی شۆڕشگێڕانەی بەرێتە سەر قەڵای سامناک و باشاگەردانی و بە چەکوشە پۆڵاینەکەی دەستی ،مێشکی ئەژدەهاکی گورد (زوحاک) بپژێنێ و لەگەڵیا موژدەی هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێ لە مێژووی گەلەکەمانا بداتە هەموو چین و دەستەو تاقمێک کە بە لە ئاوچوونی ئەو سەرکەشەو داگیرساندنی مەشخەڵی ڕووناک و بڵێسە داریان دەستی پێ کردوە ··· هەر لەوساوە کە کاوە توانی لە ڕاپەڕینەکەیدا سەرکەوتن بە دەس بێنێ گەلی کوردمان ئەو ڕۆژەی کردە جەژنێکی نەتەوایەتی ·· ساڵ لەدوای ساڵ لەهەموو کوچەو شوێنێکی کوردستانا یادی ئەکاتەوە و ستایشی ئەکا وە بەوپەڕی شانازیەوە باوەشی خۆی بو ئەگرێتەوە ، بە هەڵگیرساندنی ئاگر لەلوتکە بەرزەکان و هەردەکانا ،بەگێڕانی ئاهەنگ و زەماوەن و گۆرانی ووتن لە شارو گوندەکانا ·

نەورۆزی ئەمساڵیش وەکو ئەلقەیەک لە زنجیرەی نەورۆزەکانی‌تر ڕێکەوتی چەن بونەیەکی پیرۆزو بەجێ ئەکا کە گەلەکەمان لەژێر ئاڵا شەکاوە پیرۆزەکەیا پڕی شادو بەختیار ئەبێ ·

یەکەمیان تێپەڕ بوونی ساڵێکە بەسەر خوێندنەوەی بەیانە مێژوویی‌یەکەی یانزەی ئازاری پیرۆزا کە چەن ڕۆژێک پێش نەورۆز بڵاوکراوەتەوەو دانی بە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلەکەمانا ناوە لەناو ئەوانەش مافی خودموختاری (الحکم الذاتی) کە جێ‌بەجێ‌کردنی دەروازەیەکی گەورە ئەخاتە سەرپشت بۆ هەردوو گەلی کوردو عەرەب تا بتوانن برایەتی نێوانیان خۆش و بەهێز بکەن وە بەم پێیە ڕووبەڕووی هەموو جۆرە پیلانێکی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست بوەستنەوە لە پێناوی مسوگەر کردنی ژیانێکی خۆشتر بۆ هەردوو نەتەوەی برا ، هەروەها ئاڵی‌کردنەوەو هەڵێکی پیرۆزیشە لەبەردەم هێزە نیشتمانی و شورشگێرەکانی وولاتا بۆ ئەوەی بتوانن هێزەکانیان یەکخەن لەبەرەیەکی پێشکەوتوو و یەکگرتوودا لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتیەکی ڕاستەقینەو خزمەت‌کردن و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو جەماوەری کوردو عەرەب و پێش‌خستنی وولاتیش لە کایەکانی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتیدا ·

دوەمیان ڕێکەوتی یەکخستن و یەکگرتنەوەی هێزە سیاسیەکانی گەلی کورد ئەکا کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی و پارتی شورشگێری کوردستانا خۆی ئەنوێنی ، پاش ئەوەی سەر لەنوێ ئەو ئاکوکی و جیاوازیەی لەنێوانا هەبوو هەمووی لەبەر بەرژەوەندی گشتی خرایە لاوەو دەست خرایە ناو دەستی یەکتر بۆ خەبات کردنێکی بەردەوام و درێژخایان لەپێناوی جێ‌بەجێ

بڕوانە : ل ٧

وچانەو .. یادو .. بانگەواز

عبدالله عباس

ـ ١ ـ

لەسەر لوتکەی ماندوویەتی
ووچانێ بەین
با سەرنجێ لە بەهاری‌ڕابوردوو بەین
با ژەهری کاس بوونی‌ماوەی
دوو بەهارە
لەسەر دەرکەین
ئەو دیمەنەی بەکامێرای‌بیرکراوە
تۆمار بوە ··
فلیمێکی نابەم جۆرەی‌لێ دەرچوە :
پێش‌مەرگەکان بون بەسووتوی گڕی ڕێگا
لە دوایی دا
کاتێ گەشتینە ···
ئاڵتونی زاخاو دراوی نۆساڵمان ···
ناوی هەزاران پێش‌مەرگە ··
··· ئەمر پیرۆزی لێ‌نرا
··· چەپڵەی گەرمی بۆ لێ‌درا

ـ ٢ ـ

کڵپەی ئاگری ساڵی نوێ
با بێ دەنگی لە سەرلوتکەی چیا بدڕێ
با سامناکی ئەو بێ‌دەنگیە
لە قوڵای دۆڵا بمرێ
با توانای ڕاپەڕینەوە
هەتا دڵی ساواش بگرێ
خەو لە هەموو چاوی بفڕێ
ئارام تێک با لە هەرکەسێ
لە ناو ··· ئێشک ئەگرێ
بە پشتێنی ··
شەراب لە لێوی خۆی ئەسڕێ ··
با بانگەوازی کاوەی نوێ
شا دەماری خەوتن ببڕێ
با لە نەورۆزی ئەمساڵا ··
تەنیا قسە ··
لە گۆڕ بنرێ ··

ـ ٣ ـ

با تەکانی بەزەبروزەنگ
ئاومان بدات وەک کورەی‌هەنگ
با خوێنی دوژمنی چاوبێ ··
شۆڕشی کاوە هەرباوبێ
لەم یادەوە ··
ئەومان با لەبەر چاوبێ ··
ئەگەر هەڵکردنی‌ی ئالاژانێ نەبێ
ئەگەر پەیکەری پێش‌مەرگە لە گشت شەقامێکا نەبێ··
ناوی نەورۆز هەروەکووخۆی
لە ڕۆژ ژمێرا دیارنەبێ
وەستان نەبێ
کۆڵ دان نەبێ !!

هـونـەر

سەرنجێك

دەربارەی پیشانگاکەی عطا قزاز

برهان شرعی

● ئـەوەی راستی بێـت زۆر بە ئاسەوە بووم بۆ ئەوەی کە بچم بۆ دیتنی ئەو پیشانگاهونەرییەی کە هونەرمەنـدی کورد عطا قزاز بۆی هەڵسابولە هولی ـ قوتابخانەکـەی خۆیاندا لە رۆژی ٣ـ٣ـ١٩٧١دا .

● کاتێ کە چوینە هـۆڵی پیشانگاکەوە خەڵکێکی زۆر لە

عمید دکتور عزیز شـلال لەکاتی گەرانیدا بە ناوهۆڵەکەدا

هۆڵەکەدا بوو دەستمان کـرد بـە تەماشا کردنی تابلوەکان ئەوەی راستی بێت کەوتمـە ژیانێکی ترەوە هۆشم فـری بۆ لای ئەو گێشراوانەی کـە ئەو کێشابوری . دەست پـێ کردنی تابلوەکان کە هەندیکیان بریتی بوون لە چەن تابلوەیەکی (زەیتی)وە ئەوانی تر پێك هاتبولە هەمە چەشنەی ئیش کردن وەکو بۆیەی ئاوی وە قەڵـەمی‌رەش وە پاسیلی چەور بـەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجـی‌ڕاکێشابووین ئەم ئەزانی ئـەو بۆ بارێزکار کردنی تابلوە رەش‌و وسپەیەکان چی بوو . چونکە ئەمە بۆ یەکەم جار لە وێنـەی هونەریا ئەو مادەیە بە کـار هێنراوە لە هونەری کوردیا . تابلو زەیتیەکان هەندێکیـان زۆر ڕێكو پێـك بوون بەڵام ئەوەی شـایانی باسی بێـت هونەرمەند پێویستە بـە لای منەوە زیاتر خۆی خەریـك بکات بە ئیشی زەیتەوە . بەڵام

وێنەی کیژێك

هونەرە ئاویەکانی زۆر سەرنج راکێشەر بوون وە یەکێتی تخطیطە کانیشی بە هێزی تیا لەبینرا وە وابزانم ئەمەش زۆر پێویستە بۆ هونەرمەند کـە زانیاری تیا هەبێت وە پڕبڕەی پشتی هونەرمەندە .

پاش ئەوەی بە ناو هەمـوو تابلوەکاندا سوڕاینـەوە وبەگەرمیەوە سەرنجم لیان ئەدا بۆم دەرکـەوت کە ئـەم پیشانگایە کشتی بەینا کردنەوە هەڵسوکەوتی کوردەواری لای خۆمانە وە ئەم بەم چەشـنە بۆی گردوین بە ئاوێنـەیر ئیمەش تەماشای ئەکەین .

● بە هێـزی وە دوارۆژ روونی لە کشت خەتێـکی گێشراوو رەنگێکی ڕژێنـراو دیاربو لە چالاکی ئـەم هونەرمەندە بەڵام ئەوەی زیاتر شایانی سوپاسە بەرامبەر ئـەم هونەرمەندە ئەوە یە بەراستی قولێ لیش‌کردنی لێ‌هەڵمالیوە وە زۆر بە دڵسۆزیەو خزمەتی هونەری کوردیان ئەکات وەلـە ناوچەرکەی عیراقا ئوانی ئـەم بەرهەمـە بهێنێتە بەرچـەم هەرچەندە ئەرکو ماندوویەتیکی زۆری چەشت تا توانی ئـەم پیشانگایە بهێنیتەبەرهەم . بەڵام پاش چەن دوانێك لەگـەڵ خۆیـدا پێمان ووت .

● بەراستی ئیشە کـانت سەلیقەی هونەرایەتی‌ی لێ‌دەرئەکەوێ هیوامان سەرکەوتنتە . ووتی من هی خۆم نیم من هـی ئێوەم دەستی یارمەتیمان بـۆ درێژ بکەن ئیمە بەرهەمـی زیاترتان پێش‌کەش ئەکەیـن ئەم قسەیەش هی من نیـە هی هونەرمەندی کورد مامۆستا (بدیع باباجان) بو کە سەر لـە بەیانی ئەمرۆ بێ‌ی ووتم .

ـ ئیمەش بەدڵێکی فراوانـە هیواو داخوازی سەرکەوتن بـۆ کاکە عطا ئەخوازین .

ـ هەر [illegible] هونەری کوردی .

گفتوگۆیەك لەگـەڵ هونەرمەند کاك علی جۆلا

● تا چ رادەیەك هونـەری کوردی پێشکەوتوە ؟

ـ بەڕای من هونەری کوردی ئێستا [illegible]

پێشکەوتنیشی ئەکەوێتە سەرشانی هونەرمەندانی کـورد لەپێش هەموو کەسێکی تردا ، ئینجا خاندانی خەڵکـی تر بۆئەوەی بکاتە پلەی وڵاتانی تر

● هونەری نوێت چـۆن دێتە پێشچاو ، وەئایە بـۆ خەڵکی کوردستان ئەشێ ؟

ـ چاکی‌و خرابی هونـەر بەستراوە بە هونەرمەنـد خۆیەوە ، بەرای من هونـەری نوێ زیاتر بیروباوەڕو هەستـی هونەرمەندی تیایە ، بـەڵام هونەری کۆن لەم بارەیـەوە جیاوازەو کەمتر واتـەی ئەنوێنی .

کوردیش وەك هەموو گەلانی تر خاوەنی هونەری خۆیەتی، جا دەربرینی بە شێوەیەکـی نوێ بەلای منەوە باشـتریکە لەشێوەی کۆن ، چونـکە هونەرمەند ئـەبێ پێشڕەوی گەل بێت ،وەك کۆمەڵ چی‌وێست هونەرمەند ئەوە بەحێ بهێنی .

● پێویستە هونەرمەنـد چۆن بێت ؟

ـ بەلای منەوە هونەرمەنـد ئەوەی کەوتۆتە سەرشـان کەهەمیشە لەهەوڵدانا بێت بۆ بەرزکردنەوەی هونەر .. وە لەم هەوڵدانەیشیا ئـەبێ وا کاربکات کە بەرهەمەکـانی جێگای خۆی بکاتەوەو بەرامبەری دەربڕینێك بێت لەپێویسـتی یەکانی ئەو قۆناغەی ئەتەوەکەی پێدا ئەڕوات‌و بۆ ئەمەش نابێ گوێ بداتە هیچ کۆسـپێك‌و ئەگەرەیەك‌و دڵێراتە هەڵکاو بێ‌و لە ئیشدا بێت .

رخنە لە تای تەرازوودا

ئەحمەد دەنگ گەورە

ئەمە چەند جارێـك لـەبارەی نوسین‌و دەرهێنانـی چیرۆکی شانۆیی‌یەوە رەخنـە ببینم .. منیش هەر لـەوڕوووەوە وام بە باش زانی خۆمی لێ هەڵ قورتێنم . بەڵام نـەك بۆ ئەوە لە مەولاوە کـەس لەکولەکەی تەڕا ناوی رەخنـەی‌هونەری نەهێنێ بەڵکو لـە پێناوی زانینی چۆنیـەتی‌شێوەی رەخنەو جۆری تایبەتی‌و پێشی خستن‌و بەرز کردنەوەی

هونەری شانۆی ڕێ ڕەوێـك بگرێ . چونکە هێشتا (دێ) نەکەیوە دووکەل بگا . لـەم کاتەدا ئیمە لە یەکەم قوناغی هونەری شانۆیی‌داین ، نوسین‌و دەرهێنانی چیرۆکی شانۆیی مەرجی بێ کومانی هەیە بـۆ جوڵانەوە (ئەکتەر) مەشـق‌و ئۆنی دەنگ‌و شێوەی جـل‌و بەرگ‌و پێویستی سەر شانۆ (اکسوار)و روناکی‌و مۆسیقا شارەزای تایبەتی ئەوێ .. بێ گومان لە سنوری شانۆدا لـە جوار جێوەی دیکور دا ئـەبێ هەموو ڕووداوێکی چیرۆك پیشان بدرێ . کە لەویـش ئەرکێکی گەورەیە بۆ نوسەرو دەر هێنەر .. دیـاریـەوە جیاوازییەکی فراوان لـە مابەینی دەرهێنانی چیرۆکی شانـۆیی‌و ، تیـستەکەی‌و ، تەلەفزیۆنی‌و ، سینەمایـی‌دا هەیە .

ئینجا راست وایە رەخنەگر لە سنوری شارەزایی‌و زانیاری هونەری لانەدا . کێشانەو پیوانەو بەڵگەی راستو ئەنجامی چاك‌و خرابی ئەتەڵە بکاو لە یەکیان جیا بکاتەوە هەروەکو لە پیشەکی پەرتوکی زانیاری شانۆییدا مامۆستا (دریینی خشبە) ئەڵێ : بـە هۆی رەخنەوە ماوەی چەنـد ساڵێك لە فەرمانی هونەری دوا کەوتین ، وە لەو سەردەمەدا هەر کۆمەڵێکی هونـەری ، بەرهەمێکی پێشکەش ئەکرد ، لە هەمو لایەکەوە بێ ئـەوەی چونیەتی نوسین‌و دەرهێنانی‌و بەشەکانی شیتاڵ بکەنەوە بـە ئارەزوی مەبەستیان بە سـەرو بۆتەلاکیا ئەهاتنە خوارەوە .. رەخنەی قینـەبەرایەتـی‌و روخینەریان لێ ئەگـرت .. هەروەها ئەڵێ ئەو ماوەیـە درێژەی کێشا تاکو بۆ بەرێوە بردنی دانیشگای هونـەرە جوانەکانی (میر) عـەل بڕیاردرام .. منیش بۆ لە ناو بردنی ئەو دوژمنایەتی‌یە کە بە هۆی رەخنەوە لە دڵو دەروونی

هونەرمەندەکانا جۆشی خواردبوو ، هەوڵو ئەقلایەکی زۆرم دا هەموو هونەرمەندو نوسەرو شارەزاکانم پێك هێنا بۆ دۆزینەوەی ئەگـەرەی هونەری‌و چارەسەر کردنـی رەخنەی قینەبەرایـەتی .. وە دانانی ڕێڕەوێکی مەودا بەخشی. تاکو لە ئەنجاما یەکمان گرت وە بڕیارمان دا هەر کۆمەڵە بە جیاوازی فەرمانی خۆی بەڕێت بە ڕێوە لە کۆڕی فەرمانـا بەهرەی هونەرەوەی چاکی‌و خرابی شارەزایی‌و چالاکی دەر لەکەوێ . وە ئەڵێ هەر لـەو سەردەمەدا هونەر مەندەکانمان بە هۆی دوبەرەکی رەخنـەو رەخنەکاری هەژارو ڕیسـوا بوبون .. بەڵام چونکە گیانی بەخنەوەری لە شادەماری بیرو بڕوایانا رەگو ڕیشەی داکوتابو لۆمەو ئانەو تەشەری هەژاری‌و ئەبوونی‌و کوێرەوەری لـە خوشەویستی‌و تێکۆشـانی هونەری ساردی ئەکردنەوە .. لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵیان هـەر نەداو بەپێنا ڕەنـجو بەرهەمی هونەری خویان هـەر پێشکەش کرد .. وە لـەلای منیش لەگەڵ ئەوەدا بەرتوکی زانیاری شانۆیی‌و چۆنیـەتی نوسینی چیرۆکی شانۆییم لـە زمانی بێگانەوە بۆ گۆڕینە سەر زمانی عەرەبی .. هەر ئـەوە بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەنجامی پێشکەوتنی هونەری فۆلکلۆری‌و مۆسیقاو گۆرانی‌و شـێوەی چیرۆکی کۆمیدی‌و کلاسیکی و درامیو .. میلۆدرامی کەوتـە رو .. وەرچەرخانێکی تایبەتـی گرت ، لەبنانی لـەو ڕووەوە ئەچینە ریزی وڵاتە پێشکەوتووە کان ، هەر بەو هۆیـەوە هونەری عەرەبمان بە هەمـو میللەتانی جیهان ناسی .. ئینجا لێرەدا منیش هەر بەو نیـازە هیوادارم ئەوانەی دڵسۆزی لـە خۆیانا گومان ئەکەن و لـەو ڕووەوە شارەزاییەکیان هەیە بۆ نوسینی چیرۆکی شانۆیی و دەرهێنانی شانۆیی‌و هونـەرە

کاتێ کە ئەرکی خاڵی بکەن لە بریتی رەخنەو رەخنە کاری بەرهەمـی نوێ‌و هەڵ کەوتو پێشـکەش بکەن .. گەڵێ لە وانە واتـی دەمو قاوە قاوی بێ ســود چاك ترە ..

ئینجا ئەگەر تاکو ئێستـا هیچ ئەبوبێ و ئەکرابـێ هونەری هونەری کـوردی لەدوابێ .

ئاوان ئاوانی خۆمانـەر کەسێکی کە ئاوانبار ئی‌یە... ئوبالەکەشی هەر لە ئەستۆی خۆمانە .. چونکە ئەوی ئـەو ئەرکەشی خستبێتە ئەستۆی وڵەپێناویا رەنجی دابێ لـە ئەنجامی دوایی‌دا بەرپومیکی ئەوتۆی بێ ئەبڕاوە کـە شایانی شانازی بێ ، بەڵـکو هەر بێ بەش‌و زەرەرمەنـەو جێی ئیشانەی تیرو تەوانجـی زەهراوی بووە .. لە یاداشتی ئەرکی هونەری دا نوسـی کتێبو کێشەو بگرەو بەردەو دەردە سەری بووە .. بـە تایبەتی خوشکانی بەڕێز لـە ترسی لۆمەو ئانەو ئەشـەر ئەیان وێراوە خۆیان لە کۆڕی هونەری نزیك بخەنەوە ، خۆ ئەگەر بۆ جاری دوو جاریش دەستیان ئابێ بە عل خویانـا لە دوواییدا ئەیان وێـراوە بە هیچ جۆرێك خویان لەو دارەتە بدەن . کە ئافرەتیش گرنگترین مەرجە بو پێش خستن‌و بـەرز کردنەوەی رادەی هونـەری . هەروەکو (دریینی خشبە) ئەڵێ: لەبەر ئەبونی ئافـرەت لـە کۆڕی هونەریدا ماوەیەکـی زۆر لە تەنگو چەڵەمەدا مایەوە .. بەڵام کۆڵ نەدانو ئازایەتی خوێندەوارو هونەر مەندەکانمان ئەو ئاوانانەشی بۆ هینایـە دی .دەستگای بەڕیوە بەرایەتی هونەری لە وڵاتا کرایەوە .ئینجا هونەرییەکان بەرەیان سەند ، لەدانشگای هونەریدا بەشـی رەسم ، موسیقا ، نواندن ، دیکور ، مکیاج ، روناکی ... هند دروست بوو .. هەروەها ئیمەش پێویستە لە سەر ئـەو

دێرەوە تێبکۆشین ، دەرس لە رابوردوی میللەتان وەربگرین . هەروەکو لە جێل بەجێ مابین یا چارەسەری ئەو نا هەموارییانە بکەین کە بونەتە کۆسـپ لەسەر ریگامان . وە لە پیناوی رازانەوەی هونەری ئەتـەوە کەماندا شەوو بخەینە سـەر رۆژ . ئەو کاتە منیش هیـچ لارێم نی‌یە کەی جۆری نوسین‌و دەرهینان‌و هونەری شانـۆیی کەیشتە پلەی خـۆی و بازاری شارەزایی لەکۆڕی زانایانـا گەرم بوو،حەز لەکەن لەرێگای رەخنەو رەخنە کاری بـەوە بە سەرووبۆتەلاکی بـەکا دێنە خوارەوە وە بۆ میللەتـی روون ئەکەنـەوە چ جـۆرە رەخنەیەك سود بەخشـەو ئەبێت چۆن رەخنە بگیـرێ‌و راست‌و چەوت لە یەك جیـا بکرێنەوە .

ئینجا بو ئەوەی ریگـای ڕێك‌و راستی خومان بدۆزینەوە یا لە ریگای یان‌و بۆری خزمەتی هونەری کوردی‌یەوە بەرهەمـی جوان‌و رازاوە پیشـکەش بکەین .

پاشماوەی : چیرۆکی ژمارە ..

هەموو کۆنێکدا ، نوێ سـەر دەر ئەهێنێ . مردن زەفـەرم پێ ئابا .. گەرمای هاویـن، گڕی ئاگری مناڵی لە بێشکە سووتاو ، کرمەکانی لەشـی کووشتووم .

زل بوو .. زل بـوو .. ژوورەکەی ئەی‌گرت .. دەنگ قەبە بوو ، مایکرۆفۆنی بـە چوار دەورا دانابوو .. بەسەر هەموو بانگەکاندا زاڵ بوو ..

- ئەو کاتە کرمەرێژ بووی کە شانۆکەت بەجێ‌هێشت .

- ئەو کاتەی کە زبانـی پارە کەوتە گەڕ .. پاڵەوانی بێ ڕەنگ‌و بۆ پەیدابـوو .. هەموو شتێك ، راستیەك ..لە گەرووی ونبووندا گـۆڕ ئەگرێ .

- بەسەر چووی .

- شوێن دەستی من . بـە هەموو چلکاوی شیوەکـان ئاسڕێتەوە .

- هەڵاتوو .. بە شـوێن کڵاوی با بووردودا ئەگەڕێ .

- چونکە سەگم .

زل بـوو .. زل بـوو .. سەربانەکەی هەڵومشاند .قاچی لەسەر شانۆکە گەمەی ئەکرد. دەوری خۆی ئەوێت .

- سەگت !؟

- بەڵێ سەگم .. ئەزانـی سەگێو پیسیلە بە چی‌دا ئێك جیا ئەکرێتەوە !؟.

« یادی یاری بێ نەوا »

ئاهورمزدە بە هانای کەیشت پێلوی چاوی بێ‌هۆشی لێك‌نا. لە بیابانی ژیاندا بە هەشـار ڕای ئەکرد .. ئەم گۆڕە ئاکە، ئاکە سەرچاوەیـەك بـوو ، تینوەتی ئەو پشکێنی .. بێ‌ی بەخشرا . جۆگی دادا ،هەردوو دەستی بۆ گۆڕەکە درێژ کرد. لێوی وشکی تەڕ کـردەوە . دەمی بە لوولەی بۆڕیەکەوە نـا هەڵی‌مژی . لـە ناو زگیـا تەقی‌یەوە . ئەفرەتی لە خواستی خۆی کرد .. دۆستایەتی‌یەکەی بە قیتڕۆ ئەدۆڕاند .

هەموو باوەشی ئارامیان بـۆ کردبۆوە ،لەسەر نووکی پەنجە ئەنافەکەی ئەبری . چەپـڵە ئەچوە بەر کەشکەلانی فەلەك. بە چاو لەهەموو شت ئەکەیشێ لە ناوڕاستی زیـنـکادا . روو کۆڕڕا . هەتا ئەهات سەریان لاوازو درێژ ئەبوو . چاویـان لە جێگای خۆی‌دا نـەما بۆشاییەکی پڕ مەترسـی بە جێ‌ما . روویان بە شێوەی مەنجەنیقی لێ‌هات . بـۆ مەشقی ئازاردان ئامادەکران.. بران .. بران .

« چاڵە بەردی زیندووان ».

ئەژدیها گـەورەتر بوو، دێوەکەی حەزرەتی سـلیمان بوو . چاو زل . دەم زل ..ۆزل زل . مێردە زمالە سـواری سەری بوو بوو ، بە نـووکی پەنجەی . وەك ئەمام ئەیهێشـاو ئەیبرد .. برۆی چاوەکـانی . لە ترسا باوەشیان بە یەکـدا کردەوە .

- ئەی هاوار .. لەژێر باری بێ‌نەوایی‌دا پلیشامەوە

- سیلاوی بەد فەسـاڵ، هاوار بۆ کێ ئەبەی؟..ئەوانەی دوێنێ چەپڵەیان بۆ لێ ئەدای، ئیستا شەرابی بێ‌هۆشـی ئەنۆشن .

لە ئوانایدا ئەبوو ڕاپـکا، قاچەکانی لێ بەلا بوو ، بە دل ڕای ئەکرد .. بەناو شەقامـی شاری مردووا ڕای ئەکـرد .. بەرەو هەڵدێر ڕای‌ئەکرد .. لە ڕاکردن نە ئەوەستا .. بـەڵام هەر بە دوایەوە بوو ، یـەك بـت بەجێی نە ئەهێشت .

- تۆی خلتانی خوێن چیت لە من ئەوێت .. تۆ کـێ‌یت ؟

- من .. من .. خۆشـم ئازانم کێم !! لای من دنیـا هەمووی گۆڕاوە ، راسـت مردوە ، درۆ لە گەڕە . ئـا.. ئەوەی بە بیـرم بێت . لـە سەرەتای بانگەوازەکەدا کەول سووریان پێ ئـەوتم .. لـە کاتێکی ئاسکا فەوتام .. چوار

دەربەدەر بووین .. خۆمـان، خۆمان دەربەدەر کردبوو . لـە چاڵێکی دەستکردی پـەنـا گردێکدا هەڵتووتـا بووین . چاومـان لە گـەردەلوولی دەشتەکە بوو .

دەستی لە پێنە قاقای ئونـد کرد ، لەقە قرتێ دەستی پێ‌کرد دل لە ڕاکردنی خۆی لـە ئەوەستا .. هاواری خـوای خێری کردەوە .. گـوێی خۆی بە خۆڵەمێشە ژوورەکەی چوار دەوری ئاخنی بوو .بەڵام دێوە بەردەوام بوو .

- بەرازە زلە باڵدارەکـان سێبەری رەشیان لە چـوار دەورمان کردبوو . ناو زگیان بۆ ئیمە بە دیاری هەڵئەرشت. لە دیواری پێنجەمەوە دەنـگی ئەدایەوە . دەمی مەترەلـۆزی سەر شانۆکە ئاگری ئەباران. لە پڕ .. تۆپەلە ئاسـتێك چاڵە بەردەکەی ماشی‌یەوە .

- خۆم دۆزی‌یەوە .. تـۆ منـی !؟

« سەرگوزشتەی شانۆ »

چیرۆکەکە لەوبەڕی گەرمیدا بوو ، دانیشتوان هەمـوو لەشیان چاوو گـوێ بوو. پاڵەوانەکان لە بیریان چووبۆوە کە لاسایی کەرەوەن‌و بەس .. کرێکارو ئەزدیهاش خۆیان مات دابوو . پاڵەوانی چیرۆکـەکە دەرسەکەی پاش لەبەر بـوو .

- بێ‌هۆشی . کاتی لـە بیر بردمەوە . کە هاتمەوە هـۆش خۆم چاوم لە شەوا ،شەو لـە چاوما توابۆوە . زمانم تۆپەڵـە ئاسنێکی پێوە هەڵواسرابـوو. پەردەی گوێ گوێزرابـۆوە، ئەیلی سەرکەوتنی بێ لێ ئەدرا .. خۆشم خلتانی خوێن بووم. لە گۆڕا دەرپەڕیم .. لاشـەی هاوڕێ کانیشم بە هەرسێکیان بووخچەیەکیان پڕ ئەکرد .

- راست ئەکا وابوو .

- راست ئەکا وابوو .

- شیرازە تێك‌چوو .. منی مێردەزمە . سواری کـۆڵت بووم . کەس بە هانـان ناگات .

لەودیو پەردەکـەوە ، کاربەدەستی شانۆکە هاتـە قـە .

- پاڵەوانەکە ئەوەی بـۆ دەرخستین کە ئەو نهێنی‌یەی دۆزیوەتەوە کە تاکوو ئێستاش کەس خۆی پێوە خەریـك نەکردوە . بۆیە لەسـەر شاخەکەوە بە هەزار دەسـت بەرەو هەڵدێر هەڵدرایـە خوارەوە . بازی‌بەندەکـەش سەرەنگری بوو .

« کوتایی »

پەردەی شانۆکە دادرایەوە . رووناکی هۆڵەکەی پڕکـرد . دیواری پێنجەم بووکـە شـوشەکان . خلتانی خوێن.. عەربەکە سواری پایـزڕی بیری ئەزبووی خۆیان بوونەوە بەرەو باوەشی ڕشانـەوەی خۆیان کەوتنە ڕێ . بێنیشـە ئاڵەی دەمی خۆیان ئەجووەوە. بێ ئەوەی کەس بەشـوێن کەوڵ سووری کرێـکارا بگەڕێت . لەپشت شانۆی سەرەمەرگا ڕزگاری بکەن ، خوای خێر ئەبێت کە پشـت سەری بەر ئەدا تا بۆ سبەینێ شانۆ ئەگرێتەوەو چیرۆکەکـە دووبات ئەبێتەوە .

شوباتی ١٩٧١

گوتن وکرن !!

مصدق توفی

● ڕێ دبـن بهوسـت ، دوژمن نابن دوست ..

● خودانێ یاری ناهێتـە هاری .

● جیا بجیا ناکەڤن ، چاڤ بچاڤا دکەڤن .

● بەر لجهێ خـو یـێ بیهایە .

● دوێلی نەگەهشتە مێوێ، گوت ، هێشتا بێ‌سیرەیە .

● سڤکا داین دایرە .

...وەی : ووتاری لقی ٢ی پارتی ...

ئەم جۆرە برایاتیـە بۆ ریزی پارتیمان قازانج‌و بەرژەوەنـدی یەکیەتی میللەتەکەمانی تیـدا رەچاو کراوە وە هەروەهـا قازانجی یەکیەتی نیشـتمانی‌و هاوکاری نیوان پارتی‌و بەعس‌و هەموو هێزە نیشمانیەکـانی تیایە . لە کۆتایی‌دا داوا لـە هەموو دڵسۆزانو نیشـتمان پـەروەرانی میللەتەکەمـان ئەکەین هەریەکە لە سـنوری کارو فەرمانی خۆی زۆر بـە دڵسۆزی ئیش بکات بۆپیش‌ـخستنی کوردستانی خۆشـە ویستمان وە تولەی ئەم (١٠) دە ساڵەی رابردوو بکەینەوەکە لە هەموو رویێکی تەندروستی‌و کومەڵایەتی و ئابوری وئاوەدانی وولاتەکەمان دواکـەوتوە وە هەروەها گوێ نەدەین بە قسەی بروبوچ وژەهراوی داخ لە دڵو کۆنەپەرست‌و بەرژەوەند خوازان کە هەمیشە لە سـەر وەزعی ئاڵەباری میللەتەکەمان ژیاون‌وە بەروەردەیان بە خواردنی‌و رزقی حەرام بووە .

ئیتر بژی برایەتی کـوردو عەرەب هەتا هەتایە

بژی پارتی دیموکـراتی کوردسـتان بەسەروکایەتی بارزانی

بژی هاوکاری نیوان پارتی‌و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ قازانجی میللەتی عیراق

بژی کۆمـاری عیراق بـە سەرۆکایەتی مهیب کاك احمد حسن بکر

ئەمری وسـەر بەرزی بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان‌و عیراق

مردن‌و سـەرشۆری بـۆ ئیمپریالـزم‌و سـهیۆنیزم‌و نۆکەرەکانیان .

پاشماوەی : شاری ٩ی حوزەیران

بلێسەی ئەسەندو گڕی بـەرز ئەبووەوە . وە بەتایبەتی ئەو میوانە زۆرانەی کـە لـە هەموو شارەکانی عیراقەوە وە دەرەوە روویان کردبووە ئەوێ خۆش‌و شادی‌و روناکـی لە روویانا بەدی ئەکرا .

وە خێزانێکی زۆر روویـان کردبووە شارە خنجیلانـە بەبەزەکەمان هەتا نە ئوتێـل‌و شوێنی میوانخانەی ئایبەلـی کە ئامادەکرابوو بۆیان ئـەی ئەگرتن ناچار میوانداریـان ئەکرا لە لایەن دانیشـتوانی شارەکەوە رۆژبە رێـزو خۆشییەوە وە ئەم چەنـد رۆژ خۆش وکامەرانی باڵی بە سەر شـارەکەوە زۆر بـە رێزو هیوادارین هەموو ساڵی بـە خۆش وکامەرانی باڵی بە سەر بۆ مان .

ئامادەکردنی

انور محمود عبدالله

پاشماوەی : نـەورۆزو وەرزی

یەکیتی‌و برایەتی‌دا لە شـارو گوندو ئاوچەکانا گەورەترین ئاهەنگ ئەگیرن ..

جا بو ئەوەی هەموو ساڵێك بتوانرێ لەژێر ئەو دروشـمە پیروزەدا جەژنی نەوروز بکرێ وە بۆ ئەوەی ئەو ڕوژەش بکرێتە روژی تیکۆشانی زەحمـەت کێـش‌و رەش‌و رووت‌و چەوساوەکانی کوردستان یـا هەموو لایـەك تێکۆشین لەپیناوی .

بەهێزکردنی برایەتی نیوان هەردوو گەلی کوردو عـەرەب‌و کەمایەتیەکانی تر .

جێبەجێ کردنی بەندەکانی بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویی ، بەتایبەتی ئەوانەی تا ئیستا جێبەجێ نەکراون .

نەهێشتنی ئاکـری‌و دووبەرەکی بە یەکجارەکی لەناو ریزەکانی گەلی کوردا .

لاپەرەیەکی سەربەست

بەسەرپەرشتی : نوری حەیران

نەورۆزی من

ئیبراهیم ئەحمەد

پێم ئەڵێن نەورۆزە ئەمرۆ رۆژی جەژن و خۆشیە
وەختی هەڵپەرکێ و سەمایە مەوسمی تەرپۆشیە
دەشت و دەر گوڵپۆشە ئەم رەشپۆشیەت بێ هۆشیە
مۆنی رووت بێ جێیە عالەم گەیلی بادە نۆشیە
من ئەڵێم : نەورۆزی شادی و جەژنی دڵ ئازادیە

م . ف

له دلمانا غەریبی ئـــەی‌شەوی نەورۆز
له دلمانا غەریبی ئەی شنەی گەرمی بەهاراوی
له دلمانا غەریبی ئـــەی‌کچی لادێ ..
گوڵاڵەی سەوزەڵانی ..
بەچاوی گەش : گەزیزەی‌بەر بەرۆژانی
تریفەی بەفری بەرتاوی
زریباری بەیانی تاووساوی
کوڵەنجەی خامەکت : بـەلگی وەنەوشە
کراسی کەرنەکت : لیلوپەری ناوی
کە هەڵ‌ئەبرێ :
گوڵی گەرووی ناســـک
خرۆشی خاڵە رێبوار
لەشەق بوونی شـــەوا ،قاوی دڵێری خاسە کەو
قاوی کەوی هەردە ، کـەوی کۆسـار
کەچی هێشتا :
له دلمانا غەریبـی ئەی کـــەو
ئەی کەویار
⊙ ⊙ ⊙
گوڵاڵەی سەوزەڵانی !
غەریبی لێ‌ئەبارێ ئەم بـــەهارە
غەریبی لێ‌ئەبارێ شینی گەرمی وورده بارانی
گەزیزەی بەر بەرۆژان !
بە بەرگــی ئاڵ و واڵا ، جوان و شــیرینی
لەبەر چاوم کەچی ..
هەی قـۆر بـە چـــاووم ..
بووکە دارینی ...
لەبەر چـــاووم تەجەللی ئینتظاری
کە چاوەروانی بارانـی‌بەهاری
بەلام تۆ خەم مەخۆ
گوڵاڵەی بێ‌بەهارم
... مەجۆ ..
فەقیانەکەت مەدرە ..
لەدری کۆنی شەخـــتەمەیکە ئالای :
برای پێتەو پەرۆبارت..
برای بێ کۆڵە دارت ،داری شەخست
مەترسە ، نیازی لێ بخوازە ، دەس‌دە پشتێنی
بلێ : (ئاچەندە هـــەڵکێشین
لەسایەی‌داری بـــێ‌ئاخی غەریبی)
نیازی لێ‌بخوازە بەشکوهیمەت‌کا :
بەهار بێنێ‌و نیـــازبێنێ‌و
داری سازو راز بێنێ ..

گەشتێک بەدەرەی جیهاندا

تشای بلانت بە تاقی‌تەنیـــا بەیەختێکی ١٨ پێیی پۆلاینەوە ئەیـــەوێت بەدەوری دنیـــادا بسورێتەوە ، وە ئەم گەشتەی بەروێکی پێچەوانەدا واتە لـــە رۆژهەڵاتەوە بـــەرەو رۆژ ئاوا بڕوات‌و بە ساڵێک ئەورێگایەی ماوەکەی ٤٨٫٢٨٠ کیلۆمەترەیە ببیرێت .. کۆمپانیـــای پولای بەریتانیا ئەم گەشتەی تشای بلانت بەرێوە ئەبات ، ئەویش بۆ تاقی کردنەوەی قایمی پۆلا لە لەشی گەشتی واپچوکدا لـــە برینی رێگای پێچەوانەی لەناو دەریادا .

ئەوەی شایانی باس‌کردنـــە تشای یەکەم کەسە کە خۆی لـــە عۆدەی گەشتێکی پرمەترسی وا دابێ ..

وە ئیستا تەنیـــا ٣٢٠ کیلۆمەترە لەکرایست تشرشەوە دورە بۆ گەیشتنی بە نیوزیلەندە وە دواجاریش کە زەوی دیوە ا، سەری ساڵدا بوو کە « راس الکلب »ی بـەجێ‌هێشتوە ... بێگومان ئەم گەشتە کـــە وا ساڵێکی تەواو ئەخایەنێت بـە گەشتیەکی ئاوا بچوك گەلێـك مەترسی گێژەلوکەو شـــەپۆلو شلەقاندنی دەریای لە رێگەدایە.



سروشتێکانی ساڵی ٢٠٠٠ لـەئەرەنسادا ، وە ئەو هەمـــوو هەوڵەی ئەدرێت بۆ پارێزگاری‌لێ‌کردنیان بۆ بـەردەوامیان . مەبەستی ئەم پێشانگایە ئەوەیە‌ئاگاداری هەموو ئەوشـــتانە بکرێت کـــە ئەتوانـــرێت‌پارێزگاری بکرێن .

● لە هاڵ پاریس‌دا ئیستا خەریکی کردنەوەی پێشانگایەکی ئێجگار گرنـــگن لە ژێـــر ناونیشانی فەرەنسای ساڵی «٢٠٠٠»دا لەو پێشانگایـــەدا دیمەنێکی تەواوی بیستن‌و بینین نیشـــانی میوانەکان ئەدرێت بە هۆی شـــەش پەردەوە کە گشت دەنگیان پێوە بەندکراوە بۆئەوەی تەماشاکەر بەتەواوی بیچێتە ناوەرۆکـــی باسەکەوە . کـــە رووداوی داهاتوو نیشان‌ئەدات وە بـــۆ ئەوەی ئەو تەماشاکەرانە بزانن رادەی وڵات لـــە دوا رۆژدا ئەگاتە کوێ ؟ وە ئەو شێوەیەی کە وڵات ئەچێتەسەری لـــە دیارۆژێکی نزیکدا ، وە بـــۆ پارێزگاری شتە سروشتێکان‌و ئەو زیانەی لەئەمانی ئەوشتانەدا ئەوەشێتەوە وە قازاجی کـــە ئەیدات بەزیاد کردنیان ، هـــەر لەم پێشانگایەدا لایەکی تەواو تەرخان کـــراوە بۆ ئاژەڵـــە

خۆشەویستی

● بایرۆنی شاعیر ئەڵێت : بەلای پیاوەوە خۆشەویســـتی شتێکی وەختی‌یە ، بەلام بەلای ئافرەتەوە خۆشەویستی هەموو ژیانیتی .

● برناردشـــۆ ئەڵێت : خۆشەویستی ئەو خەیاڵەیە وات لێ‌ئەکـــات وا بزانی خۆشەـ ویستەکـــەت لە خەڵکی تر جیاوازە .

● بەلام ئۆسکار وایلـــد دەربارەی خۆشەویستی ئەڵێت: ئەتوانیت بە بەختیاری لەگـەل هەموو ئافرەتێکدا بژیت مادام خۆشت ناوێت !!

● راسل فەیلەســـوفی ئینگلیزی بە خۆشەویســـتی وتووە : هەستێکی خـــاوێن‌و پیرۆزە ، کامەرانمان ئەکـــات‌و دەرونی خاوێنمان ئەگەیەنێتـــە جیهانی‌فریشتەو ئەوپیاوچاکانەی شاعیران لە شیعرەکانیـــان‌دا باسیان کردوو .

● لە لەندەن لەم دوای‌یەدا مەزاتێکی ئاشکرا کراوە بـــۆ فرۆشتنی تابلوی وێنەکێشـــە ئینتیباعی‌و تازەکان وێنەکێشـــە فەرەنسایەکانیش بە شـــداری ئەم مەزاتەیان کردبوو لـــەو تابلۆیەی بەگرانترین نـــرخ فرۆشرا لە دەست‌کردی سیزان بوو « داری بەرماڵەکە » کـــە گەیشـــتبوە ٢٫٤٣٠٫٠٠٠ فرنک .

پرشنگی دوو چـــاو لەناو سەهۆل بەندانی روسیادا ...

لەناو ئەو خوری‌و فەروەیەوە‌تاتانیا ئەشترشۆك لەخۆیـــەوە پێچاوە ، بـــە دووچاوی جوانی‌پرگەرمی‌و خۆشی‌یەوە سەرنجی داوەتە کامێرای وێنەگـــری ئاژانسی تاسی سۆڤیاتی بۆ ئەم وێنەیەی کە یادگارێکی ئـــەو گەشتە زستانەیەیەتی لە کوێ رووباری ئەلیفا لە شـــاری‌لینین‌گراد دا ـ تاتانیا قوتابی کولیجی ئەندازیاری‌و ئابووری‌یەلە شاری ناوبراودا .

مۆدەی پانتۆلی کورت

ئەوەی سەرنج راکێشی ئەو هەموو بڕوباگاندە زۆرەیە کە بۆ مۆدەی پانتۆلی کورت ئەکرێت لە هەموو شارەکانی ئەوروپاداو ئەو بڵاو بوونەوە گورجەیە کە ئەم جلە بڵاو بۆوە ، کە مۆدەی « مینی جۆب ـ میکرۆ جۆب » ئەوی بە خۆیەوە ئەبینیبوو لـــە پێشدا ، وە بە ئەو خێرایەش بڵاو ئەبوو بۆوە لە ناودا ـ لـــە هەموو دەزگاو بـــەرگی هەموو گۆڤارە جیهانێکان‌دا ئەم بەرگـــە تازەیە بە جۆرەها شێوە نیشان ئەدرێت‌و دائەنرێت بەوەی کـــە تازەترین پلەی مۆدەی جـــل‌و بەرگە ـ وە لەم وێنەیەشـــدا دوو شۆخەکچ لودین رۆبەرتس‌و پام مۆرهیدی دەستە خوشکی ، لە وەستانێکی عەنتیکەدا ئـــەو بەرگەتازەیە لە ئواندنێکدا لـــە شاری لیدز لە بەریتانیـــادا نیشان ئەدەن .

چێشتخانەیەکی ژاپۆنی

شاری زوول لە ئەڵمانیـــای دیموکراتی چێشتخانەیـــەکی کردۆتەوە ٥٠ جۆر خواردەمەنی بەلەزەت لەسەر دەســـتوری ژاپۆنی پێشکەش ئەکـــات بەوکەسانەی ئاشنای ئەوجۆرە خواردەمەنیانەن ئەم‌چێشتخانەیە تاقە چێشتخانەیەکـــە کـــە خواردەمەنی ژاپۆنی دروســـت بکات لەئەڵمانیای دیموکراتی‌دا پێش ٥ ساڵ بۆتاقی کردنـــەوە دامەزرێندرا بۆ لەوانە حەز لـــە چێشتی‌ژاپۆنی ئەکەن، بەرەبەرە ئەو چێشـــتخانەیە ناوبانگی وایەیداکرد هەتا ئەو رادەیـــەی خواردەمەنی بۆ ئەو میوانانەش دروست ئەکات کە بە شێوەـ یەکی رەسمی ئەچنە ئەووڵاتە ، ئەوی شایانی باسە لـــــەو چێشتخانەیەدا بەچوار مەشقەـ یەوە نان ئەخورێت .

مەتەڵی هەفتە

وەرامی راستی مەتەڵی ژمارە « ٧ »ی هاوکاری ئەمەیە «مەشکە ناودۆك ، سێ‌پێك ، دەرگەبێند لولەب ، گوریسێك ، مورووی شین ، شاخەمارە » وە ئـــەو خوێنەرانەی ورامی راســـتیان ناردبوو ئەمانن :

لە ســـلێمانی‌یەوە .. گوڵ‌بـەهار. احمـــد عبدالله ، هەژار رەفیق عزیز ، بەختیار عزیز صالح ، شەوبۆ محمد امین کاردۆخی ، وە لە هەڵەبجەوە .. حەمە علی عمر کـــاکی ، انور ابراهیم ، وە لە قەلادزەوە .. محمد صالح علی ، علی حسن بایز ، لە کرکوك .. عرفـــان حسین جاف ، ئازدار عەونی ، محمد حبیب کـــریم ، بارزان کریم ، وە لـــە کویەوە .. عبدالواحد نشاة ، لە بەغداو.. یوسف دەرگەلەیی ، عبدالعزیز اتروشی، حسن عارف ، ئەوانەی لە هەولێریشەوە وەرامیـــان بەراستی داوەتەوە .. صباح خۆشناو ، دڵپاك رووتە ، حسێن صالح ، صبحی احمد ، هەژار کاوانی ، کریم احمـــد ، ایبض مصطفی عبدالله ، کریم صوفی، رێبوار مولود ، جبار یوسف کریم ، شەمیران حاجی علی ، میرزا عزیز خضر ، محی الدین قادر پیرداود ، محی الدین کاکە ئانیە عبدالقادر ، محمد عزیـــز پیربال ، هاوار کاوانی ، صدر الدین نورالدین ، عبدالله محمد سعید ، رضا عبدالقادر ، رزگار مام طه کاوانی ، کوردۆ عبدالله کەردی ، حسێن حمـــەقادر ،

وە لە ئەنجامی خۆبـــەختدا پاداشەکە بۆ خوشـــکە ئازدار عەونی دەرچوو لە کرکـــوك ئەویش پاندانێکی پارکـــەری «٥١» ە پربەدڵ پیرۆزبایی لـــە خوشکەئازدار ئەکەین‌و چاوەروانی پاداشەکەی بێت .

هاوکاری و خوێنەران

ئومێد

● مامۆستا غەفور رەشـــید دارالغا لـــە سلێمانی‌یەوە ... ببورە ووتارەکەت دوواکەوت ، بەمزووانە بلاو ئەکرێتەوە .

● کاک غەفور ئەحمەد بەکر لە ســـلێمانی‌یەوە ... ببورە پەخشانەکەت ـ‌کەو ـ بێ‌ویستی بە دارشتنێکی پتەوتر هەیە .

● کاک ئەحمەد قادر شەریف لە موصلەوە وەکو فەرمووتە .. یەکەم هەوڵـە ... هیوادارین هەنگاوی داهاتوت سەرکەوتوـ تربێ .

● کاک شێخ‌حەسەن عەولانی لە سلێمانی‌یەوە ... باسەکەت دەربارەی جـــەمی رێزان ... بەپێی کاتی گەیشـــتنی بلاو ئەکرێتەوە .

● کاک هـ. داماو لـــە کەرکوکەوە ... قوربان ئەوەی تۆ ناردوتە کەی (نوکتە)یە ؟! ... ئەو (کارەساتە) .

● کاک ئەنوەر شاکەلی لـە شاکەلەوە ... برالـــە .. گۆرینەکەت سەرکەوتووبوو .. بەلام هەوڵبە لە زمانی ترەوە باس‌و ووتار بگوری .

● کاک ق.م. لە هەولێرەوە .. ئەگەر ئەو باسە بەپەخشان بنووسیبا زۆر چاکتربوو ... هیوادارین بنوسی‌و ناوەکـــەت لەبیر نەچێ .

● کاک حەمە عەلی ووریا لە سلێمانی‌یەوە .. هەڵبەستەکەت .. لە ئاخی دڵ .. بەم زووانە بلاو ئەکرێتەوە .

● کاک جـــەمال عەبدوللا لەبەغدا ـ کلیـــەی ئاداب ـ هەڵبەستـەکـەت ئارادەبێـــك سەرکەوتووە ، هیوادارین زیاتر خۆت بەخوێندنەوە ماندوبکەیت

● کاک کەریم ئەحمەد لـە هەولێرەوە ... بیرکردنەکـــە قوول‌نـــەبوو هیوادارین ... قوول‌بێ !؟

● کاک هوشیار ئەحمـــەد مەحمەد لە سلێمانی ... زیاتر بخوێنەوە ئەگەر پتەوێ شـــیعر بنوسیت .

● کاک حەمە سەعید مەعروف لە سلێمانی ... هەڵبەستەکەت (ئەگەر بەندبم لە زینـــدان) هەوڵێکی سەرکەوتووە ، زیاتر بخوێنیتەوە چاکە .

● کاک هیوا اسماعیل‌صدقی لە سلێمانی‌یەوە ... ناوەرۆکی هەڵبەستەکەت گەلێ سەرکەوتوو بوو بەلام دارشتنەکەت لـــە ئاستی ئەو سەرکەوتنە نەبوو .

● کاک مەولود عەزیز لـــە هەولێرەوە ... هەڵبەستەکەت درەنگ گەیشت ... ببورە .

● کاک عبداللە ئەحمـــەد شـــێخانی ... ئەمان تواناێ دەست‌خەتەکەت بخوێنینەوە .. سەفەرێکی بەغدا بکە !؟

● کاکەهەڵۆ عبدالواحد نشاة لە کۆیی‌وە ... کاکە لەسەر پەڕی دیوی پەرەکە بنوســـێ‌و بەخەتێکی رێك ئاوەکو بتوانین بخوێنین ...!

● کاک رزگار کاوانی لـــە هەولێرەوە ... کاکە برا .. شیعر ووشەرێکخستن نیـــە ، هیوادارین زیاتر بخوێنیتەوە .. ئەوشتانەی کە بەناشرین ئەزانی هەندێ خەڵکی بەشرینی ئەزانێ ... چار چی‌یە ؟!

● کاک مجید رەنجاو گەردی لە عینکاوەوە ... برالـــــە بخوێنە ... بخوێنـــــە ... بخوێنە ...

● کاک جەژنی عزالدین لـە کەرکوکەوە ... قەســـەم هەڵبەستەکەت گەیشت ... بەراستی خۆشەویستی شتێکی جوانە !؟!

● کاک مهدی ئومێدگەرمیانی لە کەرکوکەوە ... ناوەرۆکی هەڵبەستەکەت گەلێ سەرکەوتو بوو ... هەوڵبە لە دارشتنا سەرکەوتوبی .